گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/ja981v09

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٤/١٠/١٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/١٢/٢٤
ڕێــکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

# ڕۆڵی تەمەن لە دروستکردنی جیاوازی و هەمەجۆریی زمانی لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا

**ئومێد بەرزان برزو[١] - یارا قادر حمد[٢]**

yara.qadir@koyauniversity.org - omed.barzan@garmian.edu.krd

[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عیراق .

[٢] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە ،کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق .

**پوختە :**

ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (ڕۆڵی تەمەن لە دروستکردنی جیاوازی و هەمەجۆریی زمانی لە بۆنەو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا) تەرخانکراوە، گرنگی توێژینەوەکە خستنەڕوی ئەو دەربڕینە زمانییانەیە، کە گرنگی پەیوەندی و کارلێکردنی نێوان هەمەجۆریی زمان و گۆڕانی زمان دەخاتەڕو، هەروەها تەمەن وەك هۆکارێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دروستبونی هەمەجۆریی زمانی و دەرکەوتنی جیاوازی دەربڕین و ئاخاوتنەکان لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕێبازی پەسنی لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوکراوە، نمونەکانیش لە کۆمەڵەوە وەك لێکۆڵینەوەیەکی بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی وەرگیراون.

توێژینەوەکە بەگشتی لە دو تەوەر پێکهاتوە، تەوەری یەکەمیان بۆ هەمەجۆریی زمانی و تەمەن تەرخانکراوە، تیایدا باس لە (چەمك و سەرهەڵدانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و هەمەجۆریی زمانی، ڕەهەند و ئامانجەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی زمان و هەمەجۆریی زمانی)، دەرکەوتنی جیاوازی دەربڕین و ئاخاوتنەکان لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا پاشان پەیوەندیی زمان و تەمەن، تەمەن و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان (پەیوەندیی تەمەن و ڕەگەز، پەیوەندیی تەمەن و شێواز، پەیوەندیی تەمەن و ڕۆشنبیری)، تەمەن و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، تەمەن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، تەمەن و ڕێزگرتن کراوە. پاشان تەوەری دوەم تایبەتکراوە بە جیاوازیی بەکارهێنانی دەربڕینەکان بەپێی تەمەن لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکانی (پرسە، سوێندخواردن، سڵاوکردن) بە نمونەی دەربڕین و ئاخاوتنەکانی ئێستای شێوەئاخاوتنی سلێمانیی زاری کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردی. لە کۆتاییشدا، گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراونەتەڕو.

**کلیلەوشەکان:** تەمەن، هەمەجۆریی زمانی، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان.

# The Role of Age in Creating Difference and Linguistic Variation in Social Occasions and Domains

**Omed Barzan Brzo[1]- Yara Qadir Hamad[2]**
[1]Kurdish department, college of Education University of Garmyan, Kalar, Kurdistan region, Iraq.
[2] Kurdish department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan region, Iraq.

## Abstract

This research is entitled with (The role of age in creating difference and linguistic variation in social occasions and domains), and aims to show the effect of age as a social factor in language variation and different expression and patterns in different events and social areas. In his research, the researcher followed the descriptive analytical method, and took examples and research models from the community.

The researcher divided his research into two topics:

The first topic is devoted to linguistic variation and age, which discusses the concept and emergence of sociolinguistics and linguistic variation, dimensions and objectives of sociolinguistics, language change and linguistic variation, then the relationship between language and age, age and social factors and gender, the relationship between age and style, the relationship between age and culture), age and social laws, age and social norms, age and respect.

The second topic is dedicated to the differences in the use of expressions according to age in social occasions and areas (funerals, swearing, greeting) with examples of current expressions and speeches of the central Kurdish dialect.

Finally, the most important results, list of sources and a summary of the study are presented in English.

Keywords: Age, Language variety, Social Factors, Social Effects.

### ٠) پێشەکی:

له ماوەی ساڵانی (١٩٦٠)وە ژمارەیەك لێكۆڵینەوە لە بواری كۆزمانەوانی ئەنجامدرا بۆ خستنەڕوی گرنگی پەیوەندی و كارلێكردنی نێوان هەمەجۆریی زمان و گۆڕانی زمان و كاریگەرییەكانی هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر زمانی گروپە جیاوازەكانی ئاخێوەرانی نێو كۆمەڵ، لە ئەنجامی ئەو لێكۆڵینەوانەش كۆزمانەوانەكان زیاتر جەختیان لەسەر هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانی وەك (ڕەگەز و تەمەن و نەژاد و ...) دەكرد. هەر لەوكاتەوە هەمەجۆریی زمانی وەك بوارێكی كۆزمانەوانی

لەو هۆکارە زمانی و نازمانییانە (هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان) دەکۆڵێتەوە، کە دەبنە هۆی دروستبون و دەرکەوتنی جیاوازی دەربڕین و ئاخاوتنەکان لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەم ڕوانگەیەوە هەمەجۆری و جیاوازی زمانی بە جیاوازی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەوە پەیوەستکراوە، کە لە جیاوازی بەکارهێنانی دەربڕینەکان لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و دروستبونی هەمەجۆریی زمانی دەکۆڵێتەوە. یەکێك لەو هۆکارانەش جیاوازیی تەمەنی نێوان نەوەکانی کۆمەڵە وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ دروستکردنی هەمەجۆری لە فەرهەنگ و دەربڕینە زمانییەکاندا.

## ١/٠) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

١. لێکۆڵینەوەی زانستی لە بابەتی جیاوازیی شێوازی ئاخاوتن بەپێی تەمەن لە نێوان نەوەی نوێ و نەوەی کۆن (بەتەمەنەکان)دا کەم ئەنجامدراوە.

٢. تەمەن هاوشێوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەك (ڕەگەز و ئاستی ڕۆشنبیری و شێواز و نەژاد و پیشە و ...) کاریگەریی لەسەر گۆڕانی زمان دروستدەکات، بەوەی جیاوازی لە نێوان دەربڕینە زمانییەکان لە بۆنەو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەهێنێتە ئاراوە.

## ٢/٠) کەرەستە و سنوری توێژینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەدا کەرەستەی شێوەئاخاوتنی سلێمانیی زاری کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردی بەکارهێنراوە، نمونەکانیش لە ئاخێوەران و لەناو کۆمەڵەوە وەرگیراون. واتە سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدایە.

## ٣/٠) گرنگی توێژینەوەکە:

١. خستنەڕوی ئەو دەربڕینە زمانیانەیە، کە تەمەن وەك هۆکارێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دروستبونی هەمەجۆریی زمانی و دەرکەوتنی جیاوازی دەربڕین و ئاخاوتنەکان لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا، چونکە لێکۆڵینەوە لە هەمەجۆریی زمانی بەشێکی گرنگی کۆزمانەوانییە، بەو واتایەی زمانەکان لە شوێنیکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە گروپێکی کۆمەڵایەتی بۆ گروپێکی کۆمەڵایەتیی تر، لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر جیاوازن، بەمەش هەمەجۆریی بەکارهێنانی وشە و دەبڕینەکان لە ژیانی ڕۆژانە و دیاردە و بۆنەکاندا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵە جیاجیاکانەوە، هەر لەبەرئەوەش هەر زمانێك ژمارەیەك هەمەجۆریی جیاوازی هەیە و تاکەکانیشی بەپێی بوار و بۆنەکان هەمەجۆریی بەکارهێنانەکانیان دەگۆڕن.

٢. وەك لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەبارەی ڕۆڵی تەمەن وەك هۆکارێکی نازمانی لە دروستکردنی جیاوازی و هەمەجۆریی زمانی لە زمانی کوردیدا کاری لەسەرکراوە، کە تیایدا هەوڵدراوە، شیکاری و پەسنی ئەو جیاوازی و کاریگەرییانەی تەمەن لەسەر زمانی ئاخێوەران بکەین، بەمەبەستی خستنەڕوی تایبەتمەندی زمانی هەریەك لەو ئاستانەی تەمەن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەربڕینەکان بەپێی بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان.

## ٤/٠) تەوەرەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دو تەوەر پێکهاتوە:

تەوەری یەکەم بۆ هەمەجۆریی زمانی و تەمەن تەرخانکراوە، کە تیایدا باس لە (چەمك و سەرهەڵدانی کۆزمانەوانی و هەمەجۆریی زمانی، ڕەهەندو ئامانجەکانی کۆزمانەوانی، گۆڕانی زمان و هەمەجۆریی زمانی)، پاشان پەیوەندیی زمان و

تەمەن، تەمەن و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان (پەیوەندیی تەمەن و ڕەگەز، پەیوەندیی تەمەن و شێواز، پەیوەندیی تەمەن و ڕۆشنبیری)، تەمەن و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، تەمەن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، تەمەن و ڕێزگرتن کراوە.

تەوەری دوەم تایبەتکراوە بە جیاوازیی بەکارهێنانی دەربڕینەکان بەپێی تەمەن لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکانی (پرسە، سوێندخواردن، سڵاوکردن) بە نمونەی دەربڕین و ئاخاوتنەکانی ئێستای شێوەئاخاوتنی سلێمانیی زاری کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردی.

لە کۆتایدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراونەتەڕو.

## ١) هەمەجۆریی زمانی و تەمەن:

### ١-١) چەمك و سەرهەڵدانی کۆزمانەوانی و هەمەجۆریی زمانی:

زمان پەیوەندییەکی پتەوی بە کۆمەڵ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، بۆیە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە ئەرکەکانی خۆی لەناو کۆمەڵدا بەجێدەهێنێت، لە زمانەوانیدا ئەو زانستەی کە خۆی بە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵەوە خەریکدەکات، بە کۆزمانەوانی (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی) ناودەبرێت. بەو پێیەش (کۆزمانەوانی بە هەمو پێوەرەکانییەوە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەسەر بەکارهێنانی زمان لەلایەن کۆمەڵەوە)(J.K. Chambers, 2013: 1).

بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی (کۆزمانەوانی لە لایەن کوری (Currie) لە ساڵی (١٩٥٢) لە وتارێکدا بۆ بەدواداچون لە پەیوەندیی نێوان ئاخاوتن و دۆخی کۆمەڵایەتی داهێنراوە، کە هێشتا یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم بوارە) (Martin J. Ball, 2010: 1)، واتە زاراوەی کۆزمانەوانی (بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٥٢) لە کارێکی هاڤەر کوری (Haver C. Currie) بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان ڕەوشتی زمانی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا، پاشان دێل هایمز (Dell Hymes) لە ساڵی (١٩٦٤) لەئەنجامی بیست ساڵ کارکردنی، گرنگی لایەنی کۆمەڵایەتیی زمانی خستەڕو، بەڵام لە یەکەمین کۆنفرانسی زانستیی تایبەت بە کۆزمانەوانی لە ساڵی (١٩٦٦) لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلوس، ولیام لابۆڤ (William Labov) لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەزمونی لەبارەی تایبەتمەندی بەکارهێنانی زمانی چینەکان لە شاری نیۆیۆرك ئەوەی سەلماند، کە جیاوازییەکی زۆر لە دیاردە زمانییەکان بەپێی پێوانە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، هەر لەو کاتەوە کۆزمانەوانی وەك زانستێك هاتە نێو لێکۆڵینەوەکانەوە و بەخێرایی بڵاوبویەوە و گەشەیکرد)(جرهارد هلبش، ٢٠٠٧: ٣٥٦).

مەبەستی لابۆڤ (لە نوێترین ڕێبازی تیۆری هەمەجۆریی زمانیدا، توانی ڕێبازی ئەزمونی و ورد و کاریگەر بۆ زمان لەناو داتایەکی بەهێز و شیکردنەوەی بابەتیانەدا بەکاربهێنێت)(Naima Ammour, 2012: 24). بۆیە (دەستپێشخەرییەکەی لابۆڤ بو بە بنەمایەکی ئەکادیمی، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم سەرکەوتنەش ئەو چوارچێوە کۆزمانەوانییە باڵایە بو، کە لابۆڤ دایهێنا، بەوەی شیکردنەوەکانی لابۆڤ سێ جۆر داهێنانی تایبەت بە کەلتوری زمانەوانی ناساند، کە دەستکەوتێکی گرنگن لە داهێنانی کۆزمانەوانی تاوەکو ئەمڕۆ، ئەمانەن: (J.K. Chambers, 2013: 2)

١- پێکەوەبەستنەوەی جیاوازی زمانی بە چینی کۆمەڵایەتی، تەمەن، ڕەگەز و بەشەکانی تری کۆمەڵ.

٢- یەکگرتنی شێواز وەکو گۆڕانێکی سەربەخۆ.

٣- تێگەیشتن لە گەشەکردنی گۆڕانی زمانی لە کاتی دیاریکراودا.

لەم تێڕوانینەوە ولیام لابۆڤ لە ساڵی (١٩٦٦) بۆ یەکەمجار توانی گۆڕانی زمانی لە لێکۆڵینەوەی هەمەجۆریدا بخاتەڕو، کە بە دامەزرێنەری لێکۆڵینەوەی هەمەجۆریی زمانی ناودەبرێت، پاشان توێژەران لە هەمو جیهاندا دەستیانکرد بە داهێنانی شێوازی لێکۆڵینەوە لە ڕێڕەوی چۆنیەتی جیاوازی بەکارهێنانی زمان بەپێی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان. بەمەش

(كۆزمانەوانی وەك لێكۆڵینەوەیەكی ئەزمونی/كرداری لە چۆنێتی بەكارهێنانی زمان لە كۆمەڵدا)(Florian coulmas, 2003: 563) هاتەكایەوە، هەر بۆیە كۆزمانەوانی (وەك بوارێكی گەورە مامەڵە لەگەڵ هەمەجۆرییە جیاوازەكانی زمان و ئاخاوتنی كۆمەڵ دەكات)(Naima Ammour, 2012: 14)، یەكێك لە كارەكانی ئەم زانستە خستنەڕوی هۆكارەكانی جیاوازی زمانی نێوان تاكەكانی كۆمەڵە، كە چۆن تاكەكانی كۆمەڵ شێوازی جیاواز لە ئاخاوتنیاندا بەكاردەهێنن، بۆیە (كۆزمانەوانی وەك بوارێكی توێژینەوە بایەخ بە لێكۆڵینەوەی چۆنیەتی بەكارهێنانی زمان لە كارلێكردنە كۆمەڵایەتییەكان و چوارچێوە جیاوازە كۆمەڵایەتییەكان دەدات)(Miriam Meyerhof,..ect, 2012: 122). كەواتە ئەم زانستە خۆی بە دیاردەكانی هەمەجۆریی زمانی و هۆكارەكانی دروستبونی هەمەجۆریی زمانەوە خەریكدەكات.

### ١-١-١) ڕەهەندەكانی كۆزمانەوانی:

ولیام برایت (William Bright)و هاوەڵەكانی لە توێژینەوە هاوبەشەكەیاندا حەوت ڕەهەندی كۆزمانەوانییان دەستنیشانكرد، كە پێویستە لێیان بكۆڵدرێتەوە، ئەمانەن: (بڕوانە: جرهارد هلبش، ٢٠٠٧: ٣٥٨)

١. شوناسی كۆمەڵایەتیی ئاخێوەر لە كردەی گەیاندندا.
٢. شوناسی كۆمەڵایەتیی گوێگر.
٣. دەوروبەی كۆمەڵایەتی، كە تیایدا قسەدەكەن.
٤. ڕاڤەكردنی پەیوەندی و یەكبەدوایەكی زارەكانی زمان.
٥. هەڵسەنگاندنی هەمەجۆریی ڕەوشتی زمانی بەهۆی ئاخێوەرەوە.
٦. بواری جیاوازی/هەمەجۆریی زمانی.
٧. دەرفەتی جێبەجێكردنی كۆزمانەوانی لەپاڵ شیكردنەوەی كۆمەڵ و مێژوی زمان و سیاسەتی زماندا.

### ٢-١-١) ئامانجەكانی كۆزمانەوانی:

كۆزمانەوانەكان گرنگترین ئامانجەكان لەم خاڵانەدا دەخەنەڕو: (https://www.powershow.com/viewht/54497c-ZWJkZ/)

١. دەستنیشانكردنی هۆكارە هەمەچەشنەكانی ئابوری .كۆمەڵایەتی لە هەمەجۆریی زماندا.
٢. دەستنیشانكردنی لایەنەكانی ڕەگەز و نەژاد و .. وەك هۆكارەكانی هەمەجۆریی زمان.
٣. پەسنكردنی چۆنێتی گۆڕانكاری لە دەقی ئاخاوتن، كە دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوازەكانی دركاندن.
٤. خستنەڕوی ئەو هۆكارانەیە كە دەبنە هۆی كێشەی پێشنیازكراو بۆ زارە نەتەوەییە ستانداردەكان.

### ٣-١-١) گۆڕانی زمان و هەمەجۆریی زمانی:

هەڵبەت ساپیر یەكەم كەسە، كە دەڵێت (لای هەموان ئاشكرایە، كە زمان لە گۆڕاندایە)(Sapir, 1921: 147) ، هەروەها (هەمو گۆڕانەكانیش لە زماندا هەمەجۆری بەرهەمدەهێنێت، بۆیە جیاوازی هۆكارە دەرەكییە كۆمەڵایەتییەكان هەمیشە بایەخێكی سەرەكی كۆزمانەوانەكان بوە و كردویانەتە ناوەندی كاركردن و لێكۆڵینەوەكانیان، لە نێوان هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانی هەمەجۆریی زمانیش وەك: ڕەگەز، چینی كۆمەڵایەتیی ئابوری، تەمەن، نەژاد، هەرێم، ...، ئەم هۆكارانە پەیوەندییان بە ڕێگاكانی جیاوازی و هەمەجۆریی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەوە هەیە)(Carmen Llamas, 2011: 509). بەدیاریكراویش كۆزمانەوانی گرنگی بە هەمەجۆریی زمان لە هەمان كات و گۆڕانی زمان بە تێپەڕبونی كات بەپێی چۆنیەتی بەكارهێنانی زمانی خەڵك لە كۆمەڵدا دەدات، هەر بۆیە هەمەجۆریی بەكارهێنانی زمان ناوەندێكی گرنگی لێكۆڵینەوە كۆزمانەوانییەكانە، چونكە (كۆزمانەوانی بوارێكی زۆر فراوانە، كە دەتوانرێت بۆ پەسنكردنی زۆربەی لایەنە جیاوازەكانی

لێکۆڵینەوەی زمان بەکاربهێنرێت، بۆیە کۆزمانەوانەکان کۆمەڵێك ڕێباز بۆ شیکردنەوەی نمونە جیاوازەکانی زمان و هەڵوێستەکانی بەرەو بەکارهێنانی زمان بەکاردەهێنن)(Miriam Meyerhoff, 2006: 1) .

سەرەتایی هەمەجۆریی کۆزمانەوانی پەیوەستە بە کارەکانی زمانەوانی ئەمریکی ولیام لابۆڤەوە، چونکە (یەکەم کەس بو، کە تیۆری هەمەجۆری یان فرەجۆری دامەزراند، پاڵپشت بەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا ئەنجامیداون، بەوەی یەکەم لێکۆڵینەوەی لە ساڵی (١٩٦٣) لەسەر دورگەی (Martha's Vineyard) بو، کە تیایدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دیاردەی دەنگی (ay) و (au) بەپێی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (تەمەن و هەرێم و پیشە و نەژاد) ئەنجامدابو)(زيدان علي جاسم، ١٩٩٣: ٣). ئیتر لێرەوە (کۆزمانەوانی هەمەجۆری بە ناوەندی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی پەسنی و شیکاری دادەنێت، بەگشتی هەمەجۆری ئاماژە بۆ جیاوازییەکان لە فۆرمی زمانیدا دەکات، یان ئاماژە بۆ دو شێواز یان زیاتری وتنی هەمان شت دەکات، توێژەرەکانیش هەوڵدەدەن، پەیوەندیی نێوان ئەو فۆرمانە و ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بدۆزنەوە) (Vera Regan, 2013: 272). کەواتە کۆزمانەوانی لە جۆرەکانی هەمەجۆریی زمان، کە لە ئەنجامی پەیوەندیی زمان و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (چینی کۆمەڵایەتی، تەمەن، ڕەگەز، نەژاد، ...) دەکۆڵێتەوە، بەم پێیەش هەمەجۆریی زمانی یاخود فرەجۆریی زمانی، بابەتێکی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی کۆزمانەوانییە، هەر ئەمەش وایکرد، کە (تیۆر و ڕێبازەکانی زمانەوانی و کۆمەڵناسی کۆبکرێنەوە، کە بواری چەندین لێکۆڵینەوە ببەستنەوە بە گرنگییەکی گەورەی هەریەك لە هەمەجۆریی زمان و فرەزمانەکان و کێشەکانی زمان لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا، هەر لەو چوارچێوەیەشدا ژمارەیەك تایبەتمەندێتی هەن، کە لە هەندێك لایەنی کارلێککردنی زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە، وەکو چۆن زمان بە گروپە کۆمەڵایەتییەکان بە فرەجۆرە جیاوازەکانییەوە دەبەستێتەوە، بۆ نمونە: چینی کۆمەڵایەتی، تەمەن، ڕەگەز، نەژاد، باری ئاخاوتن، تۆڕ، ...)(Florian coulmas, 2003: 563). لەو پێوەدانگەوە هەمەجۆریی زمانی پەیوەستە بە هۆکارەکانی (بارودۆخی کۆمەڵایەتی، کاروپیشە، تەمەن، ڕەگەز، ئاستی ڕۆشنبیری، شوێنی جۆگرافی، ...)، پێویستە ئاماژە بەمەش بدەین، کە (لێکۆڵینەوەکانی هەمەجۆریی کۆمەڵایەتی لە زمان لە لێکۆڵینەوەی هەمەجۆریی جوگرافی/ هەرێمییەوە[1] دەستیپێکرد و گەشەیکرد)(Ronald Wardhaugh and Janet M. Fuller, 2015: 141). پاشان هەمەجۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەك (ڕەگەز و تەمەن و نەژاد و ...) کەوتنە بەر لێکۆڵینەوە، دەبینین جیاوازی ئاخاوتن بەپێی تەمەن یەکێکە لە هۆکارەکانی هەمەجۆریی زمانی و ئەم جیاوازییەش لە بوار و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا هەستپێدەکرێت، چونکە منداڵ هەر لە سەرەتای زمانپژاندنیدا بەرانبەر هەر کردەیەك بەپێی تەمەنە جیاوازەکان چەند فۆرمێکی جیاواز بۆ ئەو کردانە بەکاردەهێنێت، بۆیە (هۆکاری گۆڕانی تەمەن هۆکارێکی گرنگە و فرەجۆریی لەنێو زماندا دەردەخات، چونکە زمانی منداڵێك لە زمانی منداڵێکی تر لە ڕوی دەوڵەمەندی و فەرهەنگ و شێوەی گۆکردنی وشە و ئیدیۆمی زمانەوە جیاوازە)(بێستون ئەبوبەکر عەلی، ٢٠١٥: ١٩). بەو واتایە کۆزمانەوانی لە پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی نێوان بونیادی زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە، بەدیاریکراویش گرنگی بە هەمەجۆریی زمان لە هەمان کات و گۆڕانی زمان بەتێپەڕبونی کات بەپێی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی خەڵك لە کۆمەڵدا دەدات. بەمەش (هەمەجۆریی کۆزمانەوانی هۆکارێکی ناوەندییە بۆ گرێدانی کۆمەڵ بە زمانەوە)(Helen Hamid, 2017: 12)

هەروەها هەمەجۆریی کۆزمانەوانی (بە شێوەیەکی گشتی وەك لقێکی زمانەوانی پەسندەکرێت، کە لە گرنگترین تایبەتییەکانی زمان و پێکهاتە زمانییەکان و واتا کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، بێگومان بۆ ڕونکردنەوەی ئەو تایبەتیانەی زمانیش واپێویستدەکات، کە بۆ هۆکارە دەرەکییەکان (کۆمەڵایەتییەکان) و هۆکارە ناوەکییەکان (سیستەماتیکییەکان) بگەڕێینەوە)(Tagliamonte, 2006: 5)، کە ئەمانەن:

١- هەمەجۆری زمانی لە ئاستە جیاوازەکانی (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، ...)، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانە ناوەکییانەی بەسەر ئاستەکانی زماندا دێت، کە بە هۆکارە زمانییەکان ناودەبرێت. واتە (هەمەجۆریی زمانی لە شێوە کۆمەڵایەتییەکەیدا تەواوی ئاستە زمانەوانی و دەنگی و ڕستەیی و ئاماژەیی و واتایی لەخۆدەگرێت)(عبده ئەلراجحی، ٢٠١٣: ٨٠).

٢- هەمەجۆری زمانی لە جیاوازی هۆکارەکانی (جوگرافی، ئابوری، ڕەگەز، تەمەن، ...)، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانە دەرەکییانەی کە بەسەر دەربڕینەکانی زماندا دێت، کە بە هۆکارە نازمانییەکان/ کۆمەڵایەتییەکان ناودەبرێت. واتە (هۆکارە نازمانییەکان/کۆمەڵایەتییەکان: تەمەن و ڕەگەز و چینی کۆمەڵایەتی و شێوازی ئاخاوتن و نەژاد و ...تد دەگرێتەوە، بەڵام هۆکارە زمانییەکان هۆکارەکانی وەك پارچەکانی ئاخاوتنی پێشو یان جۆری کردار دەگرێتەوە)(Vera Regan, 2013: 273).

## ١-٢) پەیوەندیی زمان و تەمەن:

زمان ڕەنگدانەوەی هەمو لایەنەکانی ئاخێوەرە، بەو واتایە (زمان هەڵگری زانیاریی شوناسی ئاخێوەرە و دەریدەخات، کە سەر بە کام کۆمەڵ و چینی کۆمەڵایەتییە، بەمەش دەوترێت هەمەجۆریی زمان، بۆ نمونە زمان شوێنی ئاخێوەر و ڕەگەز و تەمەن و چینی کۆمەڵایەتی و نەژاد و ... دەردەخات، بۆیە پێویستە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی هۆکارەکان بدەین، کە کاریگەرییان لەسەر شێوازی ئاخاوتنی خەڵك هەیە)(Naima Ammour, 2012: 28). لەمەوە ولیام لابۆڤ لە ساڵی (١٩٦٠) پێشنیازی ئەو بۆچونەی کرد، (هەبونی پەیوەندیی تەواوی نێوان گۆڕانە زمانی و کۆمەڵایەتییەکان وەك بەستنەوەی شێوازەکانی هەمەجۆریی زمانییە بە هۆکارەکانی وەك ڕەگەز و تەمەن و چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی پەروەردەیی ئاخێوەرانەوە)(Ángeles Vicente, 2018: 360)

لێرەدا ئەگەر باس لە پەیوەندیی زمان و تەمەن بکرێت، دەتوانرێت بوترێت، کە (پەیوەندیی نێوان ئاستەکانی تەمەن و بەکارهێنانی زمان لە دێر زمانەوە لە ڕوانگەی دو خاڵی سەرەکییەوە شیکردنەوەی بۆ کراوە: یەکەم/ گۆڕانی بەکارهێنانی زمان لە ماوەی ژیانی تاکێکدا، دوەم/ زمانی گروپە جیاوازەکانی تاکەکان، کە لە نێو ئاخاوتنی کۆمەڵێکدا دەژین) (Jenny Cheshire, 2014: 2)، کە باس لە پەیوەندیی زمان و کۆمەڵ دەکەین، زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵ بەپێی قۆناغەکانی تەمەن و نەوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و جیاوازن، (لە لێکۆڵینەوەی زمان و تەمەندا، یەکێك لە گرنگییە سەرەکییەکان ئەوەیە، کە چۆن تەمەن کاریگەریی لەسەر ڕێگاکانی بەکارهێنانی زمانی خەڵك دەکات، لە هەمو جیهاندا ئەوە ئاشکرایە، کە زمان بەپێی تەمەن زۆر جیاوازە، بۆیە (هۆڵمز) ڕای وایە، ئاخاوتنی خەڵك بەپێی جیاوازی تەمەنەکان دەگۆڕێت، تەنانەت کۆزمانەوانەکان بەگشتی لەسەر ئەوانەش هاودەنگن، کە ئاوازی دەنگ و زاراوە و درکاندن و ڕێزمان بەپێی جیاوازی ئاستەکانی تەمەن دەگۆڕێن)(Nor Hidayati Abdullah, 2018: 774 ). ئەوەش دەزانین، کە (زمان بەپێی کات دەگۆڕێت، ئەو گۆڕانانەش بە لێکۆڵینەوەی پەسنی بۆ دەقە کۆنەکان ئەنجامدەدرێت، دەتوانرێت هەندێك لەو پێشکەوتنانە وەدەستبهێنرێت لەماوەی تێڕوانینمان بۆ ڕۆڵی تەمەنی ئاخێوەرەکان لە لێکۆڵینەوە پەسنییەکانی هەمەجۆریی زمانی. چونکە تەمەن ڕۆڵێکی گرنگ لە هەمەجۆریدا دەگێڕێت، وەك کۆزمانەوانەکان گفتوگۆ لەو بارەیەوە دەکەن، کە گەنجەکان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە پێگەیشتوەکان قسەدەکەن، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، کە پلەکانی تەمەن ڕۆڵ و دەوری خۆیان لە هەڵبژاردنی ئاخاوتنەکان و هەمەجۆریی زماندا دەبینن)(Naima Ammour, 2012: 32). تەنانەت (بەلای کۆمەڵناسانەوە تەمەن هاوشێوەی ڕەگەز و نەژاد و چینی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییەکانی تر تایبەتن بە سیفەتەکانی تاك، تەمەن سیفەتێکە لە سیفەتەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەرەوە و بەهێزی شارەزایی تاك. هەروەها تەمەن ڕۆڵی جیاواز لە ئاراستەکانی ژیاندا دەبینێت، تەنانەت جیاوازی لە بەکارهێنانی زمانیشدا دەبینێت) (Robin Shura and Rachel Bryant, 2013: 23-24). بەو پێیەش نەوە و تەمەنی کۆمەڵەکانی دونیا کاریگەریی ڕاستەوانەیان لەگەڵ زماندا هەیە، بۆیە تەمەن و نەوەکان

گۆڕان لە دەربڕینە زمانییەکاندا دروستدەکەن، تەمەنیش شانبەشانی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەك (شێواز، ڕەگەز، پیشە/چینی کۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، نەژاد، شوێنی جوگرافی، ...) جیاوازی لە زمانی ئاخاوتنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دروستدەکات. بەگشتی (زمانەوانیی کارەکی ئەو گۆڕانانە دەردەخات، کە لە جیاوازی گروپەکانی تەمەن یان جیاوازی نێوان نەوەکان لە پێشکەوتن و لە کۆتاییی گەشەکردنی زماندا هەن)(Ángeles Vicente, 2018: 365)، کەواتە (تەمەن وەک یەکێک لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە هەمەجۆریی زمانیدا دەگێڕێت، هەروەک کۆزمانەوانەکان لەو بارەیەوە دواون، کە کەسە گەنجەکان بە شێوەی جیاوازتر لە کەسە بەتەمەنەکان قسەدەکەن، ئەمەش ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە دیاردەی پلەکانی تەمەن ڕۆڵی بەرچاوی لە هەڵبژاردنی دەربڕینەکان و بەکارهێنانیاندا دەگێڕن، بۆیە زمان لەگەڵ گەورەبونی تەمەن یان هەڵچونی تەمەندا دەگۆڕێت و کاریگەریی لەسەر دەربڕینە زمانییەکانیش دەبێت)(ئومێد بەرزان برزو و عومەر ئەحمەد عەزیز، ٢٠١٩: ١١). بەمەش دابەشکردنی ئاستەکانی تەمەن لە گۆڕانە زمانییەکان لە ئاخاوتنی تاکدا ڕەنگدەداتەوە و بەدرێژایی ژیان دەگوازێتەوە.

### ١-٣) تەمەن و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:

مرۆڤ لە هاتنە دنیاوە تاکو مردنی بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕدەبێت "قۆناغی منداڵی، هەرزەکاری، گەنجی، پیری"، هەر قۆناغێك لەم قۆناغانە هەڵگری سیفات و تایبەتمەند بە خۆیەتی. گەشەکردنی منداڵ لە ڕوی بایەلۆژییەوە یارمەتیدەری وەرگرتن و بەدەستهێنانی زمانە لە قۆناغێکی دیاریکراودا، منداڵ زمان وەردەگرێت، گەشەکردنی زمان پەیوەندییەکی پتەوی بە تەمەنەوە هەیە، کاریگەریی تەمەن لە بەکارهێنانی زماندا دەتوانرێت بەئاسانی هەستپێبکرێت. لەبەرئەوەی مرۆڤ کە دێتە دنیاوە لە یەك قۆناغدا نامێنێتەوە، بەردەوام لە گەشەکردندایە، هەر بۆیە هاوشانی گەشەی بایەلۆژی گەشە و گۆڕانی زمانیشی بەردەوام دەبێت. واتە زمانی مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕاندایە و زمان بەپێی تەمەن لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر دەگۆڕێت، بەکارهێنانی زمانیش بەپێی تەمەن بنەمایەکی سەرەکی دروستبونی هەمەجۆریی زمانە. بەمەش (کۆزمانەوانەکانی ئەمریکا لە جەختکردن لەسەر گۆڕانی زمان لە نێو ئاخاوتنی کۆمەڵدا بەردەوامبون، ئەم نەریتە لە تاقیکردنەوەی هەمەجۆریی زمان لە هەمان کات و سەردەم لە ئەمریکا برەوی سەند، لەگەڵ ئەوەشدا توێژەرەکان دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی تەمەن وەك فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی، داهێنانی ئەو توێژینەوانەی ساڵانی ڕابردو لە گۆڕانی زمان کراوە، لەو ماوەیەدا گەشەیکرد)(Kirk Hazen, 2010: 11)، واتە (ئەو توێژینەوانەی لە بواری کۆزمانەوانیدا پەیوەندییان بە تەمەنەوە هەیە، ئاسایی دەگەڕێنەوە بۆ گۆڕانی زمانی، کە دەتوانرێت بەپێی کاتی دیاریکراو یان کاتی ڕاستەقینە ئەنجامبدرێت)(Nor Hidayati Abdullah, 2018: 776 ).

ئاسایی مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێك هۆکاردا ئاخاوتن دەخوڵقێنێت، وەك (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی ڕۆشنبیری، پلەوپایە، کاروپیشە، نەژاد، شێواز، شوێنی جوگرافی، ...) هەمو ئەم هۆکارانە کاریگەرییان لەسەر ئاخاوتن دەبێت، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەست بێت، هۆکاری تەمەنە، هەروەها ئەو جیاوازییانەی کە لە ئاخاوتن و دەربڕینەکان بەهۆی پەیوەندیی تەمەن و چەند هۆکارێکی تر وەك (ڕەگەز، شێواز، ئاستی ڕۆشنبیری) دەردەکەون. (ئەندرۆ (٢٠١٢) و مورفی (٢٠١٠) و لاماس (٢٠٠٧) ئەوە بەبیردەخەنەوە، کە ئیکێرت (١٩٩٧) لە بۆچونێکی کورتدا باس لە بەکارهێنانی تەمەن لە لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانیدا کردوە، تەنانەت ئەندرۆ دەڵێت ئیکێرت لە ساڵی (١٩٩٧) یەکەم کەس بوە، کە ئەم بابەتەی ناساندوە و بەدوای ئەڵتەرناتیڤەکان گەڕاوە بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەکانی تەمەن و پۆلینکردنی گروپەکانی تەمەن)(بڕوانە: (Nor Hidayati Abdullah, 2018: 777 ) و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون). لێرەوە توێژینەوەکان لەبارەی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی هۆکاری تەمەن لە دروستکردنی هەمەجۆریی زمان ئەنجامدەدران، بەڵام (بۆوی (٢٠١١) دەڵێت: بەزۆری

پەیوەندیی نێوان تەمەن و هەمەجۆریی كۆزمانەوانی بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ لێینەكۆڵراوەتەوە)(Bowie, 2011: 29). هەروەها (بەلای كۆمەڵناسەكانەوە تەمەن هاوشێوەی ڕەگەز و نەژاد و چینی كۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییەكانی تر تایبەت بە سیفەتەكانی تاك شیدەكەنەوە و دەڵێن تەمەن سیفەتێكە لە سیفەتەكانی پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی دەرەوە و بەهێزی شارەزایی تاك، هەروەها تەمەن ڕۆڵی جیاواز لە ئاراستەكانی ژیاندا دەگێڕێت، تەنانەت جیاوازی لە بەكارهێنانی زمانیشدا دەبینێت)(Robin Shura and Rachel Bryant, 2013: 23-24). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، (ئەگەر زمان لە ڕێگەی تەمەنەوە لای تاكە كەسێك جیاوازبێت، ئەوە هەمەجۆریی زمانی زیاتر و ڕونتر و ئاماژەدارترە بەسەر ڕواڵەتە كۆمەڵایەتییەكانییەوە، مەبەستمان لە هەمەجۆریی زمانە لەنێوان بەتەمەنەكان و گەنجەكان، بەتەمەنەكان زمانێكی ئاخاوتنیان هەیە و گەنجەكانیش زمانێكی دیكە و ناتوانن بە زمانی یەكتر بدوێن، كەچی لەیەك ژینگە و بەیەك زمانیش دەدوێن)(عبدە ئەلراجحی، ٢٠١٣: ٨٠).

## ١-٣-١) پەیوەندیی تەمەن و ڕەگەز:

ڕەگەز و تەمەن وەك دو هۆكاری سەرەكین لە دروستبونی هەمەجۆریی زمانی لە هەمو كۆمەڵەكاندا، شێوازی ئاخاوتن بەپێی ڕەگەز و تەمەن جیاوازی هەیە، ئەگەر تێبینی (ئاخاوتنی نێر و ئاخاوتنی مێ بكەین، لە فۆرم و بابەت و ناوەڕۆك و بەكارهێناندا جیاوازن)(Helen Hamid, 2017: 11). بەڵام ڕێژەی جیاوازییەكان لە كۆمەڵێكەوە بۆ كۆمەڵێكی تر دەگۆڕێت، بۆ نمونە كۆمەڵێك دەربڕین هەن تایبەتن بە پیاوان، كە ژنان لێیان تێدەگەن، بەڵام بەكاریان ناهێنن و نایدركێنن، لەلایەكی ترەوە لای ژنان كۆمەڵێك وشە و دەربڕین هەن، كە هەرگیز پیاوان بەكاریان ناهێنن، هەروەك (ئیلیان و هاوكارانی لە ساڵی (١٩٧٨) جیاوازی ئاشكرایان لە نێوان ئاخاوتنی ژن و پیاودا دۆزییەوە، بەوەی ئاخێوەرانی ژن پۆلیندەكەن، چۆنیەتی بەكارهێنانی گوتنی وەرگیراویان زۆر زیاترە لە پیاوان لە ڕوی دۆخ و زیرەكی و سەربەخۆیی و خۆپەرستیەوە، هەروەها ئاخێوەرانی پیاو پۆلیندەكەن، بەوەی ئەكسێنتی هەرێمی كەمتر بەكاردەهێنن)( Jenny Cheshire, 1984: 44 ) ، بۆیە (پیاوان و ژنان ڕۆڵی جیاواز لە كۆمەڵدا دەگێڕن، بەوەی پەیوەندییان بە بەشداریكردنیان لە چالاكییە كۆمەڵایەتییەكاندا هەیە، ئەمەش لە زمانیاندا ڕەنگدەداتەوە. هەر چۆنێك بێت، ئاسایی پیاوان و ژنان پێشینەی كۆمەڵایەتیان بە شێوەی جیاواز چونیەكن، ئەم جیاوازییەش بەشداری لە لایەنەكانی وەك زاراوە و ئاوازی دەنگ و شێواز و گفتوگۆی ڕێزمانی دەكات)(Dlveen Abdullah Sadiq and Salam N. H. Hakeem, 2020: 81). بەمەش جیاوازی زمانی بەڕونی لە ئاخاوتنی پیاو و ژن دەردەكەوێت، لە هەمو كۆمەڵەكاندا شێوازی ئاخاوتنی ژن و پیاو لە یەكتر جیاوازن، تەنانەت (زۆربەی لێكۆڵینەوە كۆزمانەوانییەكان ئەوە نیشاندەدەن، كە چۆن دابەشكردنە كۆمەڵایەتییەكانی نێوان ئاخێوەران وەك تەمەن، چینی كۆمەڵایەتی . ئابوری، یان ڕەگەز لە زمانەكەیاندا ڕەنگدەداتەوە)( Jenny Cheshire, 1984: 33 ) .

هەڵبەت (پێش دەركەوتنی كۆزمانەوانیی هەمەجۆری، زۆربەی زارناسەكان بەتەواوی لە لێكۆڵینەوەكانیاندا پشتیان بە ئاخاوتنی پیاو و ژن دەبەست، ئەمەش سەرنجی كۆزمانەوانەكانی بۆ زمانی هەردو ڕەگەزی پیاو و ژن ڕاكێشابو، بۆیە گرنگییەكی زیاتریان بە زمان و ڕەگەز دەدا و ئەوەیان سەلماند، كە ئاخاوتنی پیاوان لە زۆربەی كۆمەڵەكاندا لە ئاخاوتنی ژنان لە هەندێك ڕوەوە جیاوازن)(Naima Ammour, 2012: 33). بۆیە (شیكردنەوەی جیاوازییەكانی ڕەگەز لە زمان زۆر گرنگە بۆ زمانەوانی، چونكە یارمەتیدەرە بۆ ڕونكردنەوەی هەندێ میكانیزمی كۆمەڵایەتی، كە بەشداری لە گۆڕانی زمان دەكەن)(Jenny Cheshire, 1984: 43). بۆ نمونە لە كۆمەڵی كوردیدا كۆمەڵێ دەستەواژە هەن، تایبەتن بە ئافرەت و پیاوان خۆیان لە بەكارهێنانیان بەدوردەگرن، بۆ ئەوەی توشی تانە و سەرزەنشتكردن نەبنەوە لەلایەن كۆمەڵەوە، لەو دەستەواژانەی كە ئافرەت بەكاریدەهێنێت (ئەیەڕۆ، سكت نەسوتێ، دەستی شكاوم، ...)، واتە هەمەجۆریی زمانی بەهۆی فاكتەری

ڕەگەزەوە تەنها بەو کۆمەڵانەوە پەیوەست نییە، کە سنوری بەهێزی جیاکردنەوەی ڕەگەزیان کردوە، بەڵکو لەنێو هەمو کۆمەڵەکاندا ئەم شێوازانە بەدیدەکرێت، باشترین بەڵگەش (ڕۆبن لاکۆڤ (١٩٥٧) جیاوازی لە نێوان سێ جۆر لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زمان و ڕەگەز دەکات: کەمدەرامەتی، زاڵبون، جیاوازی. بێگومان هەریەك لەم سێ ڕێبازە کاریگەرییان لەسەر زمان و ڕەگەز هەیە. ڕێبازی کەمدەرامەتی گفتوگۆدەکات، بەوەی زمانی نێر لە هی مێ بەهێزتر و زیاتر خوازراوە. سەبارەت بە ڕێبازی زاڵبون، جیاوازییە زمانییەکانی نێوان پیاوان و ژنان بۆ پەیوەندییەکی بەهێزی ستەمکارانەی نێوان هەردو ڕەگەزەکە هانیاندەدات. هەروەها ڕێبازە جیاوازەکان پیاوان و ژنان بە ئاستێکی یەکسان دەبینن، بەڵام لە دو کەلتوری جیاوازدا بەپێی ئەو ڕاستییەی کە لە منداڵییەوە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە بە شێوەی جیاواز پەروەردەکراون) (Dlveen Abdullah Sadiq and Salam N. H. Hakeem, 2020: 82-83). بۆیە (ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زمان و ڕەگەز ئەوە دەسەلمێنێت، کە جێبەجێکردنی کۆمەڵایەتی بۆ نەهێشتنی نایەکسانی ڕەگەزی و جیاوازی زمانی و هەروەها جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی و جەختکردنەوەی لەسەر شیکردنەوەی هەمەجۆریی جیاوازییەکانی زمانی نێوان هەردو ڕەگەزەکەیە، ئەو ڕێگایەش کە لە زماندا ڕەنگدەداتەوە، یارمەتی پاراستنی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی پیاوان و ژنان، هەروەها جیاوازییە ڕەگەزییەکان لە بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی گفتوگۆ و جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە زماندا دەدات) (Juan Manuel Hernández, 2015: 16).

بێگومان ئەم شێوازە جیاوازانەی ئاخاوتن کە بەهۆی ڕەگەزەوە دروستدەبێت، کاریگەریی تەمەنیش ڕۆڵی بەرچاوی تێدا دەبینێت، تەنانەت (پەیوەندیی نێوان تەمەن و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی تر بەپێی کەلتورەکان جیاوازە، پێڕەوی تەمەن کاریگەریی لەسەر خەڵك بە شێوەیەکی ئاشکرا لە هەمو بوارەکاندا نابێت، بۆ نمونە دیاریکردنی ئاستەکانی تەمەنی نێرینە بەپێی گروپی کۆمەڵەکە ڕێکدەخرێت، لەکاتێکدا تەمەنی مێینە نەرم و نیانتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی بەریەککەوتنی نێوان ڕەگەز و تەمەن لە هەمەجۆریدا)(Penelope Eckert, 1998: 112). بۆ نمونە (کامیرۆن (٢٠٠٥) کاری لەسەر جیاوازی تەمەن و جیاوازی ڕەگەز لە ماوەی تەمەنی ئاخێوەرانی پورتۆ ریکان لە ئیسپانیا کردوە و ئەوەی خستەڕو، کە ڕەگەز جیاوازی لەسەر قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی کەسێکدا پێکدەهێنێت)(Kirk Hazen, 2010: 11) . هەر بۆیە دەبینین دەستەواژەکانی (ئەیەڕۆ، دەستی شکاوم، سکت نەسوتێ، کوێراییم دایە،...) و (بەشەرەفم، بەتەڵاقم، بەناموسم، ...) لەلایەن ژنان و پیاوانی بەتەمەنەوە بەکاردەهێنرێن، بەڵام گەنجان و هەرزەکاران ئەم جۆرە دەربڕینانە زۆر کەم یان هەر بەکاریانناهێنن، بەو واتایەی زمان لەگەڵ گەورەبونی تەمەن دەگۆڕێت، واتە زمان لەیەك ئاست و بەیەك شێوە نامێنێتەوە، بەڵکو ڕۆژبەڕۆژ لەگەڵ گەورەبونی تەمەن زمانەکەشی گۆڕانی بەسەردا دێت.

لەناو کۆمەڵی کوردیدا بە شێوەیەکی ئاشکرا هەست بە جیاوازی ئاخاوتن بەهۆی تەمەن و ڕەگەزەوە دەکرێت، بۆ نمونە (گەر سەرنجی شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی تەمەن (٧٠) ساڵ بەرەو سەرەوە بدرێت بەتایبەت نەخوێندەوارەکان، هەندێ زاراوە و دەربڕین دەبیسترێت، کە لەلای گەنجێکی تەمەن (٣٠) ساڵی هەمان ڕەگەزەوە نابیسترێن، واتە بە شێوازێکی جیاواز ئاخاوتن دەکەن)(هێمن عەبدولحەمید شەمس، ٢٠٠٦: ١٤١-١٤٢)، مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا دەبێت بەپێی تەمەنی خۆی قسەبکات، چونکە (تەمەن هەروەك شێوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکان لەلایەن بەشداربوانی ئاخاوتنەوە کاریگەرییان لە هەڵبژاردنی دەربڕینە زمانییەکان هەیە)(ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید، ٢٠١٣: ٢٥٨)، کەواتە تاکەکانی کۆمەڵ پێویستە لەکاتی ئاخاوتندا وەك چۆن پابەندی ڕەگەزییە لە ئاخاوتندا، ئاواش پێویستە ڕەچاوی تەمەنەکەی بکات و بەپێی تەمەنی خۆی ئاخاوتن بکات، بەپێچەوانەوە ئەگەر کەسێك لەکاتی ئاخاوتندا پابەندی ئەم یاسا کۆمەڵایەتییەی زمان نەبو، ئەوا لەلایەن کۆمەڵەوە ڕوبەڕوی توانج دەبێتەوە، لەبەرئەوەی (تاکەکانی کۆمەڵ ئەو یاسایانە دەزانن، کە لە تەمەنێکدا بەکاردێت، بۆ

هەر تەمەنێك زمان خاسیەتی جیاکەرەوەی خۆی هەیە، هەمو کەسێك بەو گۆڕانکارییانەدا دەڕوات، تا دەگاتە پلەی تەمەنی پێگەیشتن، بۆ نمونە لەنێو کۆمەڵی کوردیدا قسەکەر دەبێت بەگوێرەی تەمەنی خۆی قسەبکات)(ڕێژنە مەعروف حوسێن، ٢٠١٠: ٣٥)، بێگومان هەر کۆمەڵێك کۆمەڵێك دابونەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە و تاکەکانی ئەو کۆمەڵە پێویستە پابەندی ئەو دابونەریتانە بن. لە زمانیشدا بە هەمان شێوە هەر کۆمەڵگایەك بنەما و پێڕەوی تایبەت بە خۆی هەیە، کە پێویستە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە لەکاتی بەکارهێنانی زماندا پێیانەوە پابەندبن. ئەو بنەمایانەی کە لەکاتی ئاخاوتندا قسەکەر پێویستە جێبەجێیان بکات، لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت، لەبەرئەوە ئەم بنەمایانە دروستکراوی ئەو کۆمەڵگایەن، کە قسەکەر ئاخاوتنی پێدەکات. هەروەها لەنێو کۆمەڵی کوردیدا تەمەن کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاك دەبێت، هەروەك چۆن (کاریگەریی تەمەن زمانەکەش دەگرێتەوە، بەو پێیەی هەر تەمەنێك حوکمی هەڵبژاردنی داتا زمانییە شیاوەکان دەکات بۆ بەکارهێنانی لە بارودۆخە گونجاوەکاندا)(شاخەوان جەلال فەرەج، ٢٠١١: ٤٧)، بەو پێیەش تەمەن و ڕەگەز پێکەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دروستبونی هەمەجۆریی زمانیدا هەیە.

### ١-٣-٢) پەیوەندیی تەمەن و شێواز:

گۆڕانی جیاوازی شێواز لە جیاوازی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵەوە دادەڕێژێت، شێوازی ئاخاوتن هۆکارێکی گرنگە لە پرۆسەکانی هەمەجۆری و گۆڕانی زمانی بۆ دەستنیشانکردنی هۆکاری ڕونکردنەوەی شێوازی ئاخاوتن. مەبەست لە (زانستی شێواز لە پەیوەندیی نێوان هەڵبژاردنی زمان و دەقەکان و کاریگەرییەکانیان دەکۆڵێتەوە، بەگشتی ئەم زانستە گرنگی بە پەسنکردن و شیکردنەوەی هەمەجۆریی زمان بەدرێژایی شێوازە جیاوازەکان و بەکارهێنانی دەقەکان دەدات)(Elena Semino, 2011: 550). بەو واتایەی زانستی شێواز بایەخ بە پەسنکردن و لێکدانەوەی شێواز و هەڵبژاردنە زمانییە دیاریکراوەکان لە دەقدا دەدات. هەروەك تۆلان (Toolan) ئاماژە بەوە دەدات، دەتوانرێت زانستی شێواز بۆ مەبەستەکانی هەمەجۆری بەکاربهێنرێت، کە فێرکردنی زمان و ئەدەب دەگرێتەوە، بەگشتی (شێواز لە زماندا لە ئەنجامی شێوازەکانی هەڵبژاردن لە ئاستە جیاوازەکانی زمانیدایە، کە لەوانەیە ببێتە تایبەتمەندی دەق یان کاری دانەر) (Elena Semino, 2011: 541). کەواتە شێواز لە زمانەوانیدا بریتییە لەو دەربڕینە جیاوازانەی کە تاکەکانی کۆمەڵ لە ئاخاوتندا بەکاریدەهێنن.

ئاشکرایە، شێوازی ئاخاوتنی تاکەکان لەناو کۆمەڵ و تەنانەت لەناو یەك خێزانیشدا هەستپێدەکرێت، چونکە جگە لە ئەندامی خێزانەکەی هەریەك لە ئەندامی چەند کۆمەڵێکی جیاوازن بەپێی ڕەگەز و تەمەن و کار و پیشە و پلەی خوێندەواری ئەو ناوەندانەی کە هەریەکێکیان پابەندیانن، واتە هەر ئاخێوەرێکی زمان خاوەن شێوازێکی جیاواز و تایبەت بە خۆیەتی. بۆیە شێوازی ئاخاوتن بەپێ تەمەن لەناو هەمو کۆمەڵێکدا دەبینرێت، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز کاریگەریی تەمەن لە ئاخاوتندا دەردەکەوێت، بۆ نمونە لەناو کۆمەڵی کوردیدا بە ڕێژەیەکی زیاتر هەستپێدەکرێت، هەر تەمەنێك لە هەڵبژاردنی شێوازی ئاخاوتن و کەرەستەی فەرهەنگیدا جیاوازیان هەیە، لەبەرئەوەشە زمان لەگەڵ گەورەبونی تەمەندا دەگۆڕێت، هەریەك لەو تەمەنانەی کە تاك پێیدا تێپەڕدەبێت، تایبەتمەندی زمانی خۆی هەیە، یەکێك لەو ڕێسایانەش کە ئاخێوەر پێویستە لەکاتی ئاخاوتندا پابەندی بێت، هەڵبژاردنی شێوازی تایبەتە بەپێی تەمەن، واتە ڕەچاوکردنی تەمەن لەکاتی ئاخاوتندا. هەر بۆیە دەبینین لەنێو کۆمەڵی کوردیدا شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی بەتەمەن لە دەربڕینی هەندێ زاراوە و دەستەواژە لە شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی گەنج جیاوازە، چونکە بەتەمەنەکان بەتایبەت ئەوانەی ئاستی خوێندەوارییان نزمە لەکاتی ئاخاوتندا زیاتر لە شێوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق دەدوێن، بەڵام گەنجەکان خۆیان لە بەکارهێنانی ئەو شێوازە بەدوردەگرن، دەبینین شێواز و تەمەن دو ئەڵقەی پێکەوە گرێدراون و لەگەڵ گەورەبونی تەمەن، شێوازی

ئاخاوتنەکان دەگۆڕێن، بۆ نمونە دەستەواژەی (دەستی شکاوم، سکت نەسوتێ، ...) لە لایەن ئافرەتی بەتەمەنەوە بەکاردێت، بۆیە ئەگەر کەسێکی گەنج بەکاریبهێنێت، بەلای دەوروبەرەکەیەوە نامۆ دەبێت و هەندێکجار توشی گاڵتەپێکردن دەبێتەوە. هەروەها گەر بەتەمەنێك لەکاتی خواحافیزیکردندا وشەی (بای) بەکاربهێنێت، ئەوا دیسان بە کەسێکی لادەر لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان سەیردەکرێت، کە لە کاتی ئاخاوتندا ڕەچاوی تەمەنی نەکردوە، هەر بۆیە لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕوبەڕوی تانە و توانج دەبێتەوە. هەروەها تەمەن لە کۆمەڵگادا دەتوانێت شێوازی ئاخاوتنی تاکەکانیش دەستنیشانبکات، کەواتە شێواز و تەمەن لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە تاك لە کۆمەڵگاکەیدا پابەندی دابونەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان بێت لە هەڵسوکەوتکردن و درکاندنی وشە و دەربڕینەکاندا، پێکهاتە و دروستەی کۆمەڵ کاریگەری و ڕۆڵی لە دەرخستن و دروستکردنی جیاوازی لە ڕۆنانی زمانی ئەو کۆمەڵەدا هەیە، بەڵگەی ئەم ڕاستییەش هەبونی جیاوازییە لە پێکهاتەی زمانیی نێوان منداڵ و هەرزەکار و گەنج و بەتەمەنەکانە. کەواتە یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبونی شێوازی جیاوازی ئاخاوتن تەمەنە، بۆیە قسەکەر هەمیشە هەوڵدەدات، بەپێی تەمەنەکەی خۆی قسە لەگەڵ کەسانی دەوروبەری بکات، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، شێواز هەڵبژاردنی شێوازێکی تایبەتە لە ئاخاوتن بەپێی (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی ڕۆشنبیری، ...)، هەروەها ئاخاوتنەکانیش هۆکارێکن بۆ ناساندنی کەسایەتی ئاخێوەر، بۆیە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە شێوازی ئاخاوتن دەکرێتە پێوانەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی تاکەکانی کۆمەڵ.

**١-٣-٣) پەیوەندیی تەمەن و ڕۆشنبیری:**

هەروەك لە (١-٣) ئاماژەی بۆ کرا، تەمەن فاکتەرێکی سەرەکی دروستبونی هەمەجۆریی زمانییە، دەتوانرێت بەڕونی و بەئاشکرا کاریگەریی تەمەن لە ئاخاوتندا هەستپێبکرێت، بۆ نمونە ئاخاوتنی کەسێکی بیست ساڵ جیاوازە لە کەسێکی پەنجا ساڵ، هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ کاریگەریی تەمەن لەکاتی ئاخاوتندا دەگەڕێتەوە، بەهەمان شێوەی تەمەن، ئاستی ڕۆشنبیریش ڕۆڵی لە دروستبونی هەمەجۆریی زمانیدا هەیە، چونکە (ئاستی ڕۆشنبیری لەو دیاردانەن، کە ڕەنگدانەوە و کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، بەشێوەیەك کە لە دەربڕین و شێوازی ئاخاوتندا ڕادەی ڕۆشنبیری و پلەی شارستانییەت دەردەکەوێت)(**هێمن عەبدولحەمید شەمس، ٢٠٠٦: ٤٤**)، بۆ نمونە بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری وایکردوە، شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی خوێندەوار لەگەڵ کەسێکی نەخوێندەوار جیاواز بێت، ئەگەر چی ئەو دو کەسە لە هەمان تەمەنیشدا بن، واتە (گەشەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری تاك بە شێوەیەکی تایبەتی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری زۆر بەرچاو لە وشە و دەربڕینەکاندا، تەنانەت لە چۆنیەتی گۆکردنی دەنگەکانیشدا کاریگەریی خۆی هەیە)(**نایف خرما، ١٩٧٨: ٢٢٤-٢٢٥) لە (بەهار زایر محەمەد، ٢٠٠٩: ٣١)**. لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا منداڵ لە تەمەنی پێنج بۆ شەش ساڵی دەخرێنە قوتابخانە و هەنگاوی یەکەمی خوێندنی دەستپێدەکات، قۆناغ بۆ قۆناغ لەگەڵ گەورەبونی تەمەن، ئاستی ڕۆشنبیری تاك گەشەدەکات و کاریگەریی ئەم گەشەکردنەش لە ئاخاوتنەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە دەبینین شێوازی ئاخاوتنی منداڵ لە گەورەکان لە ڕوی دەنگ و زاراوە و درکاندن و ڕێزمانەوە جیاوازن. هەروەها ڕۆشنبیریی تاك تەنها بە ئاستی خوێندەوارییەوە پەیوەست نییە، بەڵکو هەمو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە تاك هەوڵی بەدەستخستنی دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی خوێندەواری کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی تاك هەیە. هەروەها تەمەن و ڕۆشنبیری پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکەوە هەیە، چونکە مرۆڤ کە دێتە ژیانەوە بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت، بێگومان لە هەر یەکێك لەم قۆناغانەشدا شتی نوێ فێردەبێت و ئەزمونیان دەکات، بۆ نمونە ئەگەر بەراوردی ئاخاوتنی کەسێك لە تەمەنی شازدە ساڵی کە لە قۆناغی ئامادەییدایە، لەگەڵ تەمەنی سی ساڵ بۆ سەرەوە، کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە بکەین، دەبینین

ئەو وشە و زاراوانەی کە لە تەمەنی شازدە ساڵی بەکاریهێناوە لەگەڵ ئەو وشە و زاراوانە جیاوازە، کە لە تەمەنی سی ساڵیدا بەکاریدەهێنێت، ئەم جیاوازییەش بۆ کاریگەریی کۆمەڵ و تێگەیشتنی ئەم کەسە بۆ ڕوداو و دیاردەکانی دەوروبەر و بەرزبونەوەی ئاستی خوێندەواری کەسەکە دەگەڕێتەوە. بەم پێیە (تەمەن یەکێکە لەو ڕەهەندانەی کە کاریگەریی لەسەر گۆڕانە زمانییەکان هەیە، لەگەڵ گۆڕانی کەلتور و دونیابینیی مرۆڤەکاندا، دەربڕینەکانیشی دەگۆڕێت)(ئومێد بەرزان برزو و عومەر ئەحمەد عەزیز، ٢٠١٩: ١١)، بۆیە لەگەڵ گەورەبونی تەمەنیش ئاستی ڕۆشنیری تاکەکانی کۆمەڵ زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت، بۆ نمونە هەندێ وشە و دەستەواژە کە لە ژیانی خوێندەوارەکاندا بەکاردەهێنرێت وەك: (ۆرکشۆپ، داتا، سەیڤکردن، ئیمێل، داتاشۆ، ...)، لەبەرئەوەی منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا کەمتر بەدوای بەدەستخستنی زانیارییەوەیە، هەر بۆیە لەگەڵ گەورەبونی تەمەنی حەزی بەدەستخستنی زانیارییەکان لا زیاددەکات و زیاتر هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات، هەر بۆیە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەن گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆ نمونە کەسێکی تەمەن سی ساڵی خاوەن بڕوانامە (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) زیاتر دەستەواژەکانی (سیمپۆزیۆم، وانەبێژ، سیمینار، کیوز، دیبەیت، ...) بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەم زاراوانەی لەلایەن کەسێك بەکارناهێنرێت، کە ئاستی خوێندەواری نزم بێت، کەواتە تەمەن و ڕۆشنبیری وەك دو هۆکار ڕۆڵیان لە دروستبونی جیاوازیی ئاخاوتندا هەیە.

## ٤-١) تەمەن و یاسا کۆمەڵایەتییەکان[٢]:

هەمو کۆمەڵێك خاوەن چەندین دابونەریت و دیاردەی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیانن، کە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت، هەر بۆیە کۆمەڵ لەپێناو پاراستن و مانەوە و بەردەوامێتی ئەم کەلتورە کۆمەڵایەتییە، هەوڵیداوە، لە چوارچێوەی یاساکانی ژیانیدا یەکیان بخات و پێڕەویان بکات، ئەمەش بە (یاسا کۆمەڵایەتییەکان) ناودەبرێت، لەکاتی ئاخاوتندا مرۆڤ چۆن پابەندی هەمو ئەو یاسا زمانییانەیە، کە لە زمانەکەیدا هەن، بەهەمان شێوە پابەندی یاسا کۆمەڵایەتییەکانیشە. مەرجیش نییە، ئەم یاسانەیە بەپێی تێپەڕبونی کات و نەوە لەپاش نەوە وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڵکو گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام گۆڕانەکان گشتین و لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵدایە، تاکیش دەچێتە ژێر باری ئەو یاسایانەوە، بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکات و پەیوەست بێت بە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەکەیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو کۆمەڵەیەی لەدایکدەبێت و فێری زمان دەبێت، زمانەکەیشی وابەستەی کۆمەڵەکەیەتی، چونکە ڕەنگدانەوەی دابونەریت و کەلتور و بیرکردنەوە و باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕەگەز و .... کۆمەڵەکەیەتی. هەروەها بەکارهێنانی زمان تەنها بریتی نییە لە بەکارهێنان و زانینی ڕێزمانی زمانەکە، بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکان و بەپێی کۆمەڵەکانیش ئاخاوتنەکانیش دەگۆڕێن، چونکە (گۆڕانەکان کە لە کۆمەڵدا ڕودەدەن، لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە، هەرچەندە گۆڕانی زمان لەپاش گۆڕانی کۆمەڵەوە ڕودەدەن)( Jenny Cheshire, 1984: 44) .

یەکێك لەو یاسا کۆمەڵایەتیانەش کە پێویستە تاك لە ڕەفتار و گوفتار و ئاخاوتنیدا جێبەجێیبکات، یاسای ڕەچاوکردنی تەمەنە، چونکە (تەمەنی مرۆڤ کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ زمانی ئاخاوتن هەیە و لەگەڵ تێپەڕبونی تەمەندا زمانیش دەگۆڕدرێت، بۆیە هەر تەمەنێک لەویتر جیاوازە و هەلومەرجی زمانیی خۆی هەیە)(ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید، ٢٠١٣: ٢٥٨)، ڕەنگە (هەمەجۆریی نێوان ئاخێوەران لە ڕوی تەمەنەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکات، کە گۆڕانی زمان بەدرێژایی کات بەردەوامە)(Maya Ravindranath and Suzanne Evans Wagner, 2016: 270). هەروەها دەرچون لە یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان، تاك دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی کۆمەڵەوە، بۆیە پێویستە ئاخێوەر لەکاتی ئاخاوتندا ڕەچاوی تەمەنی خۆی بکات، ئەگینا بەپێچەوانەوە ڕوبەڕوی چەندین ڕەخنە و توانج و گاڵتەپێکردنێك دەبێتەوە، بۆیە دەوروبەری کۆمەڵایەتی گرنگی و ڕێسای

تایبەتی خۆی لە گفتوگۆکاندا هەیە، لەناو دەوروبەری کۆمەڵایەتیشدا دەوروبەری تەمەن کاریگەریی زۆری لەسەر ئاخاوتنەکان هەیە، بۆ نمونە زۆرجار منداڵێك قسەیەك دەکات، کە لەگەڵ تەمەنەکەیدا نەگونجاوبێت، پێیدەڵێن: (قسەی لە خۆی گەورەتر دەکات)، واتە دەوروبەری تەمەنەکەی چاوەڕوانی وەها دەربڕینێکی لێناکرێت و ڕەنگە هەندێکجار ببێتە مایەی پێکەنین، لەکاتێکدا ئەگەر ئەم قسەیە کەسێکی گەورە بیکات، هیچ جێی سەرنج و تێبینی و پێکەنین نییە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بەتەمەنێك جۆرێك لە قسە بکات، زۆرکەس پێیدەڵێن (حاجی/کاکە تۆ لە ڕێی ئەو قسانەدا نیت). هەروەها کۆمەڵێك ڕێسای کۆمەڵایەتی پەیوەست بە تەمەنەوە هەن، کە نابێت بشکێنرێن، بۆ نمونە:

ا- باوکە پەرداخێك ئاوم بۆ بێنە.

ب- کوڕم پەرداخێك ئاوم بۆ بێنە.

هەریەك لەم ڕستانەی سەرەوە پەیوەستە بە دەوروبەری کۆمەڵایەتی پەیوەست بە تەمەنەوە، کە پلەوپایەی هەریەکەیان لە ڕوی کۆمەڵایەتی و تەمەنەوە نیشاندەدات، لە ڕستەی (ا) قسەکەر تەمەنی بچوکترە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی لەچاو گوێگر کەمترە، بۆیە ناپەسەندیەك بەدیدەکرێت، بەڵام لە ڕستەی (ب) قسەکەر تەمەنی گەورەترە و پلەوپایەی بەرزترە، بۆیە ڕستەیەکی پەسەندە و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بەم جۆرە دەربڕاوانە دەدەن. بێگومان ئەم دەربڕاوانەش بەپێی دەوروبەر لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت، ئەکرێ لە کۆمەڵێکی تردا ئەم جیاوازییە زۆرەی تەمەنیش هەبێت و ئاسایی بێت.

**١-٥) تەمەن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان:**

مرۆڤەکان بە سەر چەندین نەتەوەدا دابەشبون، ئاشکرایە هەر یەکێك لەم نەتەوانە خاوەن کۆمەڵێك دابونەریتی تایبەت بە خۆیانن، یەکێك لەو دابونەریتانە بونی کۆمەڵێك پێوەری زمانییە لەکاتی ئاخاوتندا، کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە پێیانەوە پابەندن، واتە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ڕێسا و یاسایانەن، کە پێویستە ئاخێوەر لەکاتی ئاخاوتنەکەیدا ڕەچاوی بکات، بۆ نمونە ئەو پێوەرانەی لە کۆمەڵی کوردیدا هەیە، مەرج نییە، هەمو ئەو پێوەرانە لە کۆمەڵێکی تری وەك (فارس و تورك و عەرەب، ...) هەبن، چونکە هەر نەتەوەیەك بەپێی کەلتوری خۆی کۆمەڵێك پێوەری داناوە و هەندێك لەم پێوەرانە بەدرێژایی سەدان ساڵ لەلایەن تاکەکانی ئەو کۆمەڵەوە بەکاردێت. ئەگەرچی لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا، ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی کە بۆ ئاخاوتن دیاریکراون، هاوبەشی تێدایە، بەگشتی پێوەرەکانی ئاخاوتن بریتین لە (زۆربڵێ، کەمدویی، نۆرەگرتن، دەنگ بەرزکردنەوە، بەرێزەوە قسەکردن، ...)، یەکێك لەو هۆکارانەی کە لەم پێوەرانەدا ڕۆڵی هەیە، هۆکاری تەمەنە، چونکە لەگەڵ گۆڕانی تەمەندا گۆڕان لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری زمانیدا ڕودەدات، هەر بۆیە قسەکەر لە هەر تەمەنێکیدا بە شێوازێکی جیاواز دەئاخێوێت، تەنانەت لەکاتی ئاخاوتندا دەبێت ئاخێوەر پابەندی ئەم بنەمایە بێت و ڕەچاوی تەمەنی خۆی بکات، لە هەر یەکێك لەم پێوەرانەدا تەمەن بە شێوازی جیاواز ڕۆڵدەبینێت، وەك لە خوارەوە ئاماژە بە ڕۆڵی تەمەن لەو پێوەرانەدا دەکەین، کە بۆ ئاخاوتن لەناو کۆمەڵی کوردیدا دانراون، ئەمانەن:

**١-٥-١) نۆرەگرتن و نۆرەبڕین:** یەکێکە لەو پێوەرانەی کە بۆ ئاخاوتن دانراوە و پێویستە تاکەکان لە کاتی ئاخاوتندا پێوەی پابەندبن، بێگومان لادان لەو پێوەرانەش زۆرجار کەسەکان توشی تانە و توانج دەکاتەوە، نۆرەگرتن بریتییە لەوەی لەکاتی ئاخاوتندا کەسەکان بوار بە یەکتر بدەن، بەو پێیەی پاش تەواوبونی کەسێك لە قسەکانی ئەوسا نۆرە دەچێتە سەر کەسێکی تر.

نۆرەبڕینیش بریتییە لەوەی کە لە کاتی ئاخاوتندا تاکەکان مافی کەسی بەرانبەر "گوێگر" دەخۆن، یاخود ڕێگە بە بەرانبەر نادات، قسەکانی تەواوبکات، پێش کاتی خۆی قسەدەکات، واتە چاوەڕێی ڕۆڵگۆڕینەوە ناکات. هەڵبەت ڕۆڵی تەمەن لەم پێوەرەدا و بەتایبەتی لەناو کۆمەڵی کوردیدا زیاتر ڕێگە بە گەورەکان دەدات، کە لە کاتی ئاخاوتندا نۆرەبڕی بکەن، وەك ئاخاوتنی کەسێکی بەتەمەن لەگەڵ کەسێك کە لە خۆی منداڵتر بێت، زۆرجار کەسی بەتەمەن ڕێگە بە بەرانبەرەکەی نادات، کە گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی بکات و زیاتر خۆی قسەدەکات و ڕۆڵی سەرەکی بە خۆی دەدات لەکاتی گفتوگۆکردندا، تاڕادەیەکیش لە نێو کۆمەڵی کوردیدا نۆرەبڕینی گەورەکان بە بچوکەکان بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی ئاسایی و پەسەند دادەنرێت، بە بەراورد بە نۆرەبڕینی بچوکەکان بە گەورەکان بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی ناپەسەند دادەنرێت، تەنانەت ئەو کەسەش بە کەسێکی بێڕێز لە ئاخاوتن دادەنرێت، ئەمەش لەو خاڵەوە سەرچاوەدەگرێت، کە (قسەکەری بەتەمەن لە ڕوانگەی تەمەن و ئەزموونییەوە باو و ڕۆیشتو و خونەریتی کورد ڕێگە بەوە دەدات لە زۆر بۆنە و هەڵوێستی ئاخاوتندا قسە بە بەرانبەر ببڕێت)(شاخەوان جەلال فەرەج، ٢٠١١: ٤٩)، لەناو کۆمەڵی کوردیدا چەندین دەربڕین بۆ ئەو کەسانە دانراوە، کە نۆرەبڕی دەکەن لە ئاخاوتندا، وەك (ڕێگە بە کەس نادات قسەبکا، بهێڵە قسەکەی تەواوبکات، هەر ئەو قسە دەزانێ، قسەپێبڕین، ...).

**١-٥-٢) بڕی قسەکردن (زۆربڵێی و کەمدویی):** لە کردەی ئاخاوتندا گرایس کۆمەڵێ بنەمای دەستنیشانکردوە، کە پێویستە لە کاتی ئاخاوتندا تاکەکان ڕەچاویان بکەن، ئەوانیش بنەمای (چەندایەتی، چۆنایەتی، شێواز، پەیوەندی)، مەبەست لە چەندێتیش بڕی ئەو ئاخاوتنەیە، کە پێویستە تاك لەکاتی گفتوگۆدا دەریبڕێت، هەربۆیە گرایس دەڵێت (با گوتنەکەت لە پێویست زیاتر نەبێت، واتە شتی زیادە مەڵێ)، ئەگەر ئێمە سەیرێکی کۆمەڵی کوردی بکەین، هەندێك کات تاکەکان لە کاتی ئاخاوتندا ڕەچاوی ئەم لایەنە ناکەن، هەمیشە بڕێکی زیاتر لە پێویست قسەدەکەن، ئەمەش بەپێی گۆڕانی ڕەگەز و تەمەن و سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتوە، بە شێوەیەکی گشتی زیاتر پیاوان پابەندن بە بڕی ئاخاوتن بە بەراورد بە ژنان، کە زۆرجار بڕی زیاتر لە پێویست قسەدەکەن. بۆیە دیاردەی زۆربڵێ لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا بە کارێکی ناپەسەند دادەنرێت، بۆ نمونە لەناو کۆمەڵی کوردیدا چەندین ناو و دەربڕین بۆ ئەو کەسە دانراوە، کە زیاد لە پێویست قسەدەکەن (فرەوێژ، چەقاوەسو، سکڵ لە دەمیایەتی، ...). دیاردەی زۆربڵێ لەناو ئەو کەسانەی، کە تەمەنیان زیاترە و زیاتر هەستپێدەکرێت، وەك ئەو کەسانەی کە تەمەنیان زۆر نییە، هەمیشە هەوڵدەدەن لەکاتی پێویست و بڕی پێویست قسەبکەن، ئەم دیارەیەش بەتایبەت لای چینی ڕۆشنبیردا هەستپێدەکرێت، بەپێچەوانەوە کەسانی بەتەمەن لەبەر ئەوەی ئەزمونی ژیانیان زیاترە لە کاتی گفتوگۆدا بڕێکی زیاتر لەو کەسانە قسەدەکەن، کە تەمەنیان لە ئەوان کەمترە.

هەروەها کەمدویی بەو واتایە دێت، کە قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا بڕێکی کەمتر لە پێویست قسەدەکات، یاخود لەناو دانیشتنێکدا زۆر بەکەمی قسەدەکات. ئەم پێوەرە هەرچەندە زۆرجار وەك زۆربڵێ لە ناو کۆمەڵدا پەسەندناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار دەوترێت (فڵان کەس یان قسە ناکات، یان کە قسەی کرد، شتی باش دەڵێ)، واتە تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین ئەم پێوەرە کەسەکان توشی تانە و پەلاری کۆمەڵ دەکاتەوە، بەتایبەت لەناو کەسانی هەراش/پێگەیشتوان تاڕادەیەك کەمدویی بوە بە شتێکی ئاسایی. تاکەکان لەم تەمەنەدا هەوڵدەدەن، لەکاتی پێویست قسەبکەن، بۆیە ئەگەر لەناو کۆمەڵێکدا دانیشتبو، ئەگەر باسەکە پەیوەندیی بە ئەمەوە نەبو، یاخود پرسیاری لێنەکرا، هەوڵدەدات بە بێدەنگی بمێنێتەوە، بۆیە زۆرجار دەبینین لەکاتی ئاخاوتندا ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی پێوەی نەبێت، خۆی بە (مۆبایل، یاری، تەلەفزیۆن، ...)ەوە خەریکدەکات، بەپێچەوانەوە کەسانی بەتەمەن زۆر جار هەوڵدەدەن، ئەزمونی خۆیان یاخود شارەزایی خۆیان لەو بابەتە بخەنەڕو، بێگومان لە هەمو ئەم پێوەرانەدا ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەگەز و تەمەن کاریگەریی خۆیان هەیە.

**١-٥-٣) دەنگ بەرزكردنەوە:** مەبەست لە دەنگ بەرزكردنەوە زیادكردنی تۆنی دەنگە لەكاتی ئاخاوتندا، واتە لەكاتی ئاخاوتندا دەنگ بەسەر بەرانبەرەكەیدا بەرزدەكاتەوە. چەند هۆكارێكش هەن، كە دەبنە هۆی دەنگ بەرزكردنەوەی قسەكەر بەسەر گوێگردا، ئەمانەن: (شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩: ٦٤)

أ- ناجێگیری باری دەرونیی قسەكەر.

ب- بەرزی پێگەی قسەكەر لەچاو گوێگر، لە ڕوی كۆمەڵایەتی، دەسەڵات، تەمەن و ڕەگەزەوە.

ت- برینداركردنی قسەكەر لەلایەن گوێگر لە كایەی خۆیدا كە قسەكەر بوە.

بێگومان تەمەن لەم پێوەرەدا ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە، ئەم ڕۆڵەش بەپێی كەلتورە جیاوازەكان گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نمونە لەناو كۆمەڵی كوردیدا ئەگەر كەسێكی منداڵ یان پێگەیشتو دەنگ بەسەر كەسێكی بەتەمەندا بەرزبكاتەوە، ئەوا لەلایەن كۆمەڵەوە بە كەسێكی بێڕێز و بێئەدەب ناودەبرێت، بەپێچەوانە دەنگ بەرزكردنەوەی كەسانی بەتەمەن بەسەر كەسانی لە خۆیان منداڵتر كەمتر لەلایەن كۆمەڵەوە قسەیان لەبارەوە دەكرێت، بەڵام ئەم دیاردەیە لە كۆمەڵێكی ئەوروپیدا ڕەنگە بە دیاردەیەكی ناپەسەند سەیربكرێت، هەر بۆیە دەبینین لەكاتی دەنگ بەرزكردنەوەی كەسێكدا دەوترێت (دەنگت بەرزمەكەرەوە، دەنگت بێنە خوارەوە، ...)، كاریگەریی تەمەن لەوەشدا هەستی پێدەكرێت، كەسانی بەتەمەن دەنگ بەرزكردنەوەی بەسەر كەسانی تردا بەتایبەت ئەگەر پەیوەندیی خزمایەتی وەك (باوك و كوڕ، باوك و كچ، پیاو و ژن، ...) لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لەلایەن ئەو تاكانەی كە تەمەنیان كەمترە بە دیاردەیەكی ناشرین و ناپەسەند دادەنێرێت.

**١-٥-٤) زیادەڕۆیی:** واتە زیاد و زۆر قسەكردن لە دەربڕیندا. ئەم پێوەرە بەپێی (ڕەگەز و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و ...) دەگۆڕێت، بێگومان تەمەن ڕۆڵێكی سەرەكی لەم فاكتەرەدا هەیە و كەسانی بەتەمەن زیاتر لە قسەكردندا زیادەڕۆیی دەكەن بەتایبەت لەناو ڕەگەزی ژناندا، بۆ نمونە ئەگەر ئافرەتێكی بەتەمەن وەسفی جوانی كچێك بكات، ئەوا بەمشێوەیە وەسفی دەكات (چاوی ئەوەندە گەورەیە دەڵێی بنە ژێرپیاڵەیە، دەموچاوی ئەڵێی مانگە، بێوێنەیە و لە نمونەی نییە، ...)، بەڵام گەر ئافرەتێكی بەتەمەن - مام ناوەند (پێگەیشتو) وەسفی هەمان كەس بكات، ئەوا دەڵێ: (چاوی گەورە و جوانە، دەموچاوی سپی و خڕە، ...)، هەر بۆیە ئەگەر لەكاتی قسەكردن و باسكردن یاخود گێڕانەوەی ڕوداوێك قسەكەر زیادەڕۆیی تێدا بكات، لەلایەن دەوروبەرەكەیەوە توشی توانج دەبێتەوە و پێی دەڵێن (زیادەڕۆیی مەكە، موبالەغە مەكە، مەیكە بە تەیارە،...)، كەواتە پێوەری زیادەڕۆییكردن لە دەربڕینی كەسانی بەتەمەن زیاترە بە بەراورد بە كەسانی هەرزەكار و پێگەیشتو، تەنانەت پێگەیشتوان بەزۆری نەك هەر لەكاتی ئاخاوتندا زیادەڕۆیی ناكەن، بەڵكو ناشیانەوێت و حەزناكەن دەوروبەریان لەكاتی ئاخاوتندا زیادەڕۆیی بكەن.

**١-٥-٥) دەربڕینی ناڕاستەوخۆ:** دەربڕینی داواكاری و بۆچونەكان دەگرێتەوە، كە قسەكەر نایەوێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئاراستەی گوێگری بكات، ئەم پێوەرەش بەپێی (ڕەگەز و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و ...) دەگۆڕێت، تەمەنیش یەكێكی ترە لەو فاكتەرانەی كە لەم پێوەرەدا كاریگەریی خۆی هەیە، بۆ نمونە لە كاتی ئاخاوتندا لەگەڵ ئەو كەسانەی لە خۆمان لە تەمەن گەورەترن، قسەكەر هەمیشە هەوڵدەدات بە شێوازی ناڕاستەوخۆ گفتوگۆی لەگەڵدا بكات، بەڵام ئەگەر قسەكەر و گوێگر لە تەمەندا لێكەوە نزیكبن، ئەوا زیاتر شێوازی ڕاستەخۆ بەكاردەهێنن، بەتایبەت ئەو دو كەسە پەیوەندیی هاوڕێیەتی و خزمایەتی لە نێوانیاندا هەبێت. هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری كاریگەریی لەسەر ئەم شێوازەی دەربڕینەدا هەیە، چونكە كەسانی ڕۆشنبیری لەكاتی ئاخاوتندا لەگەڵ ئەو كەسانەشی كە لە تەمەندا لە خۆیان بچوكترن، زیاتر هەوڵدەدەن بە شێوازی ناڕاستەوخۆ داواكارییەكانیان ئاراستەبكەن، هەروەها بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری وایكردوە، ئێستا پیاوانیش ئەم شێوازە لەكاتی داواكارییەكانیاندا بەكاربهێنن، بەتایبەتی لەناو چینی خوێندەواردا هەستی

پێدەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك ئاستی خوێندەواری "ڕۆشنبیری" لاواز بێت و داوا لە کەسێك بکات بۆ ئەنجامدانی کارێك، ئەوا بەمشێوەیە داواکەی ئاراستەدەکات:

ئا پەرداخێك ئاوم بۆ بهێنە.

بەڵام گەر کەسێکی تەمەن مامناوەند بیەوێت، گوێگر کارێکی بۆ ئەنجامبدات، گوێگر لە تەمەندا لە قسەکەر گەورەتر بێت، ئەوا قسەکەر بەمشێوەیە داواکەی ئاراستەی گوێگر دەکات:

خاڵە بە ئەرك نەبێت، دەستت دەگاتە ئەو کارتۆنانە؟

دەبینین قسەکەر هەرچەندە ئاستی خوێندەواریشی لاوازە، بەڵام شارەزایی لە دابونەریتەکانی کۆمەڵگاکەی هەیە، هەر بۆیە بە شێوازی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسانی لەخۆ گەورەتر قسەدەکات.

بەڵام لەم سەردەمەدا دەبینین ئەم شێوازی ناڕاستەوخۆیە لەناو چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیراندا، قسەکەر زۆرجار شێوازی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنێت، بۆ نمونە لەناو کۆمەڵی کوردیدا پێشتر پیاوان لەگەڵ خێزانەکانیاندا یان کەسانی لەخۆ بچوکتر لە ڕوی تەمەنەوە شێوازی ڕاستەخۆیان بەکاردەهێنا، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەو کەسانەشدا قسەکەر زۆرجار هەوڵدەدات، شێوازی ناڕاستەوخۆ بەکاربهێنێت، بۆنمونە پێشتر گەر پیاوێك داوای پیاڵەیەك چای لە خێزانەکەی بکردبایە، ئەوا بەمجۆرە داواکەی دەکرد:

ئافرەت پیاڵەیەك چام بۆ بهێنە.

بەڵام ئێستا لەناو چینی ڕۆشنبیردا بەتایبەت شێوازی داواکردنەکە گۆڕاوە بەمشێوەیە:

کیژان چاکەمان گەرمە؟ یان، کیژان چامان هەیە؟

هەروەها لەگەڵ کەسانی لەخۆ منداڵتریشدا، بۆ نمونە گەر مامۆستایەك کە تەمەنی لە فەرمانبەرەکەیان گەورەترە لە کاتی داواکردنی پێنوسدا، بەمشێوەیە داواکەی ئاراستەدەکات:

تۆ بڵێی قەڵەممان هەبێت؟

بەمشێوەیە دەبینین تەمەن کاریگەریی لەسەر شێوازی دەربڕین هەیە و بەگشتی کەسانی پێگەیشتو لەکاتی ئاخاوتندا شێوازی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن بە بەراورد بە کەسانی بەتەمەن.

**١-٥-٦) قسەکردنی بەڕێزانە:** دیاردەی ڕێزگرتن لە نێوان هەمو کەلتور و نەتەوەکاندا هەیە، هەر نەتەوەیەك بەپێی دابونەریتی خۆی کۆمەڵێ ڕەفتار دیاریدەکات، کە دەبنە بنەمای ڕێزگرتن، ڕێزگرتنیش لە زماندا بەشێکە لەو دابونەریتەی کە کۆمەڵ دیاریکردوە، بریتییە لە نواندن و دەربڕینی جوان لەکاتی ئاخاوتندا، کەواتە ڕێزگرتن هۆکارێکە بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە.

لەبەرئەوەی لەناو نەتەوەی کورددا ڕێزگرتن لە کەسانی بەتەمەن یاخود ڕێزگرتن لە کەسانی لەخۆ گەورەتر بوە بە بەشێك لە کەلتوری کوردی، هەر بۆیە لەکاتی هەڵسوکەوت و گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی بەتەمەنتر لە خۆمان، قسەکەر هەمیشە هەوڵدەدات، وشە و دەربڕینی جوان لە ئاخاوتنەکەیدا بەکاربهێنێت، چونکە ئەگەر بەم بنەما و کەلتورەوە پابەند نەبێت، ئەوا لە کۆمەڵدا بە کەسێکی بێڕێز ناوزەنددەکرێت. کەواتە تەمەن لە ئاخاوتندا ڕۆڵی سەرەکی هەیە و دەبینین لەکاتی ئاخاوتندا لەگەڵ کەسێکی بەتەمەن جۆرێك لە وشە و دەستەواژە بەکاردەهێنرێن، کە لەگەڵ کەسانی هاوتەمەن یاخود نزیك لە تەمەنی خۆمان کەمتر ئەو وشە و دەستەواژانە بەکاردەهێنرێن، بەتایبەت ئەگەر ئەو دو کەسە پەیوەندیی هاوڕێیەتی و خزمایەتی لە نێوانیاندا هەبێت، لەبەر ئەوەش کۆمەڵی کوردی زیاتر گرنگی بەم لایەنە داوە و لەکاتی ئاخاوتندا

ڕێزی گەورە و بچوکی هەستپێدەکرێت. بۆ نمونە کاتێك قسەکەر دەیەوێت کەسێکی بەتەمەن هاوکاری بکات، ئەوا شێوازێکی زۆر بەڕێزانە بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی داواکاییەکەی، وەك:

خاڵە گیان ببورن شەرمەزارم، ئەتوانن ئەو کارتۆنەم پێبدەیت.

بەمشێوەیە دەبینین تەمەن ڕۆڵی لەسەر گۆڕینی شێوازی ئاخاوتنەکان هەیە و لەگەڵ کەسانی بەتەمەندا زیاتر بە شێوەی کۆ قسەدەکرێت، بەڵام لەگەڵ کەسێك کە لە تەمەندا لێکەوە نزیك بن، زیاتر بە شێوەی ڕاستەوخۆ قسەدەکرێت، بەتایبەتی لەنێوان ئەو کەسانەدا کە پەیوەندیی خزمایەتی و هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا هەیە، بۆ نمونە کاتێك کەسێك داوا لە هاوڕێکەی دەکات، کتێبێکی پێبدات، بەمشێوەیە داواکەی ئاراستەدەکات:

ئاری کتێبەکەم بدەرێ.

یان:

ئاری کتێبەکەم بۆ بهێنەرەوە.

کەواتە ئەو شێوازەی لەگەڵ کەسانی هاوتەمەن بەکاردەهێنرێت، جیاوازە لەو شێوازەی لەگەڵ کەسانی بەتەمەن بەکاردەهێنرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستبونی هەمەجۆریی زمانی.

## ١-٦) تەمەن و ڕێزگرتن:

تەمەن وەك دیاردەیەکی بایەلۆژی گۆڕانی قۆناغەکانی ژیانی کەسێکە، مرۆڤ لەگەڵ گەشەکردنی جەستەیی لایەنی زمانیشی گەشەدەکات. هەڵبەت ڕێزگرتن بەشێکە لە ڕەوشت و دابونەریتی هەمو کۆمەڵەکان، بە شێوەیەکی گشتی ڕێزگرتن بەواتای نەرمونیانی و ڕەوشت و ئاکاری جوان و بەرز دێت لە کۆمەڵدا. بەم پێیە ڕێزگرتن بریتییە لە ڕەفتارێك کە لە هەڵسوکەوتی تاکەکاندا ڕەنگدەداتەوە، هەر بۆیە ئەگەر کەسێك هەڵسوکەوتێکی ناشرین بەرانبەر بە کەسێکی لە خۆی گەورەتر ئەنجامبدات، ئەوا بە کەسێکی بێڕێز ناودەبرێت. لەبەرئەوەی ڕێزگرتن لە کۆمەڵی کوردیدا بەتایبەت ڕێزگرتن لە کەسانی لە خۆمان گەورەتر بوە بە بەشێك لە کەلتورمان و لە ڕەفتارماندا پێویستە پێوەی پابەندبین. هەروەها جۆرێکی تری ڕێزگرتن کە بە ڕێزگرتنی زمانی ناودەبرێت، ئەویش ((تایبەتمەندییەکی زمانە و پەیوەستە بە قسەکەر و گوێگر و کەسانی ئاماژە بۆکراو، پتر لە ئاخاوتندا بەکاردێت، وەك دیاردەیەکی زمانی لای هەمو نەتەوەیەك هەیە، بەڵام لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی تر جیاوازە، چونکە هەر کۆمەڵێك خاوەن کەلتور و ڕۆشنبیری خۆیەتی، واتە زمان لە ڕەفتاری زمانیدا ڕۆڵدەبینێت))(ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید، ٢٠١٣: ٣٣-٣٤)، لەبەرئەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان بەپێی گۆڕانی قۆناغەکانی تەمەن گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر بۆیە ڕێزگرتن پەیوەستە بە تەمەنەوە و لەگەڵ گەورەبونی تەمەن ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی و زمانیی تاك زیاتر دەبێت. ئاشکرایە دیاردەی ڕێزگرتن لە کەلتور و نەتەوەیەکەوە بۆ کەلتور و نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت، هەر بۆیە دەکرێت ئەو ڕەفتارە زمانی و کۆمەڵایەتییانەی کە لەلای کۆمەڵێکەوە دەستنیشاندەکرێت و دەبێت کۆمەڵ پێیانەوە پابەندبێت، ئەگینا بە کەسێکی بێڕێز لەقەڵەمدەدرێت، بەڵام هەمان ئەو ڕەفتارانە لە کۆمەڵگایەکی تردا دەکرێت بە شتێکی ئاسایی دابنرێت، بۆیە مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا دەبێت بەگوێرەی تەمەنی خۆی قسەبکات، بەو واتایە تەمەن کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر زمان هەیە و بەپێی گۆڕانی تەمەن ئاخاوتنەکانی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نمونە منداڵێك لە تەمەنی منداڵیدا ئەگەر داوای مۆبایل لە باوکی یان دایکی بکات بە جۆرێك داوایدەکات، کە هیچ بنەمایەکی ڕێزگرتنی تێدا نابینرێت، بەڵام لە تەمەنێکی گەورەتردا هەمان کەس بە شێوازێکی جیاواز داوایدەکات، کە بنەمای ڕێزگرتن لە ئاخاوتنەکەیدا هەستپێدەکرێت.

أ: منداڵ، باوکە مۆبایلەکەتم پێبدە.
ب: گەورە، باوکە ئەگەر ئەزیەت نییە، ئەتوانی مۆبایلەکەتم پێبدەیت؟
دەبینین لەگەڵ گەورەبونی تەمەنەکە شێوازی دواکردنەکە گۆڕاوە لە شێوەی داواکردنی ڕاستەخۆوە گۆڕدراوە بۆ شێوەی پرسیار.
هەر بۆیە ئەو کەسانەی بە شێوەی (ب) قسەدەکەن، بە کەسانی بەڕێز لە ئاخاوتندا ناودەبرێن، بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەشی بە شێوەی (أ) قسەدەکەن، بە کەسانی بێڕێز لە کۆمەڵ ناودەبرێن، چونکە لە ئاخاوتندا ڕەچاوی تەمەنی خۆی و کەسی بەرانبەری نەکردوە.

## ٢) جیاوازیی بەکارهێنانی دەربڕینەکان بەپێی تەمەن لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان:

بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکان بەپێی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن، لەبەرئەوەی (کۆزمانەوانی ڕژێمێکی کۆیە بە ئاراستەی پەسنکردنی زمانەوانیی کارەکی لەنێو زمانی کۆمەڵ لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی هۆکارە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکاندایە)(Ángeles Vicente, 2018: 359). هەمو کۆمەڵێك بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی خاوەنی کۆمەڵێك دابونەریت و یاسا و ڕێسای کۆمەڵایەتییە، کە لە کۆمەڵەکانی تر جیاوازە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی تاك و قسەکردن و ئاخاوتنی ڕۆژانە هەیە و لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، ئەم ڕەنگدانەوەیەش زیاتر لە نێوان نەوەی نوێ و نەوەی کۆن/بەتەمەنەکاندا دەردەکەوێت، بۆ نمونە لە کۆمەڵی کوردیدا بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان چین و توێژ و تاکەکانی کۆمەڵدا هەیە، گەلێك بۆنە و بواری کۆمەڵایەتی وەکو (پرسە، سوێندخواردن، سڵاوکردن و چاك و چۆنی، سەردانی نەخۆش، چون بۆ داوای ژن، یارییە کەلتورییەکان، دوعاکردن و پاڕانەوە، جوێندان، هەڕەشەکردن، بۆنە ئاینی و نەتەوایەتییەکان و ...) بەدیدەکرێت و لە هەمو ئەمانەیشدا جیاوازی تەمەن بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت، واتە تەمەنی مرۆڤ کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ زمانی ئاخاوتن هەیە و لەگەڵ تێپەربونی تەمەندا زمانیش دەگۆڕێت، بۆیە هەر تەمەنێك لەویتر جیاوازە و هەلومەرجی زمانیی خۆی هەیە.
لەم توێژینەوەیەدا چەند بوار و بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەك (پرسە، سوێندخواردن، سڵاوکردن) بە نمونەی شێوازی ئاخاوتنی سلێمانیی وەردەگرین، کە بەپێی تەمەنی (نەوەی نوێ، نەوەی کۆن/بەتەمەن) هەمەجۆریی زمانی دروستدەکەن، ئەمانەن:

### ٢-١) پرسە:

یەکێکە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، بۆنەیەکی ناخۆشە و خاوەن مردو دڵتەنگ و خەمبارە، هەر بۆیە ئەو دەربڕینانەی لە پرسەدا بەکاردەهێنرێن، زیاتر دوعای خێرکردنە بۆ مردوەکە و دڵدانەوەی خاوەن پرسەکەیە، چون بۆ پرسەیش زۆرجار بەکۆمەڵ دەکرێت و بەتەمەنەکان دەکەونە پێش و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، زۆرجار دەربڕینە سەرەکییەکان تایبەتە بە بەتەمەنەکانەوە، گەنجەکانیش ئاخاوتنی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نمونە:

### ا) بەتەمەنەکان لە هەردو ڕەگەز:

سەردانیکەران: خوا عەفوی کا، خوا جەزاتان بداتەوە، دەستم بشکێ، دایکی بمرێ، عەمرم نەمێنێ، قەبرو قیامەتەکەی فەریح بێ، ئینشائەڵا ئەهلی بەهەشتە، ئینشائەڵا جێگەی باوکتان دەگرێتەوە، مردن حەقێکە لەسەر هەمومان، ...

خاوەن پرسەکەش ئەمانە دەڵێن لە کاتی شین و ڕۆڕۆ: پشتم شکا، جەرگم سوتا،ماڵم ڕوخا، ماڵم کاولبو، ڕۆڵەڕۆ، دایکت کوێربێ، هیچ خۆشی نەدی لە دونیای ڕۆشن، ...

خاوەن پرسەکەش بەم دەربڕینانە وەڵامی خەڵکی دەدەنەوە: بەخێربێن، یاخوا سەرچاومان، عەزیەتان کێشا، خوا لە برایەتی کەمتان نەکا، خوا لە قەومایەتی کەمتان نەکا، خوا خێرتان بنوسێت، جەرگتان نەسوتێ، (کوڕ،برا، کەس)تان نەمرێ، ...

**ب) نەوەی نوێ لە هەردو ڕەگەز:**

سەردانیکەران: هاوبەشی خەمتانم، خوا لێیخۆشبێت، خوای گەورە سەبر و ئارامیتان پێببەخشێت، کۆتا ناخۆشیتان بێت، گەردنی ئازادبێ، کوڕی چاکبو، کچی چاکبو، برایەکم لە کیس چو، خوشکێکم لە کیس چو، وەکو مامم وابو، زۆر دڵگرانم، ...

خاوەن پرسەکەش ئەمانە دەڵێن لە کاتی شین و ڕۆڕۆ: برا گیان، باوکە گیان، ماڵمان ڕوخا، (دایکە، باوك، برا، خوشك) گیان بۆ ڕۆیشتی هێشتا زوبو، بێنازت کردین، ...

وەکو پێشتر وتمان نەوەی نوێ لە پرسەدا کەمتر لە نەوەی کۆن ئەرکی دەربرینەکانیان دەکەوێتە ئەستۆ لە کاتی وەڵامدانەوە دەڵێن: (عەزیەت، ئەرك)تان کێشا، بەخێربێن سەرچاو، بەخێربێن، ...

**٢-٢) سوێندخواردن:**

یەکێك لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی سوێندخواردن ڕەهەندی ئاینی هەیە، گەلی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەیە کە ئاین ڕۆڵی سەرەکی لە کایەکانی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانیدا هەیە، ئەمەش لە ئاخاوتنەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، ئەم دیاردەیەش لە هەردو جۆر (نەوەی نوێ و بەتەمەنەکانیشدا) دەبینرێت و لە نێوانیاندا هەست بە جیاوازی دەکرێت، دەربڕینی جیاواز و هاوبەشیشیان هەیە، دیارە هۆکاری ڕۆشنبیری، ڕەگەزی، ... کاریگەرییان لەسەر دەربڕاوەکاندا هەیە، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر جیاوازی تەمەن، بۆ نمونە بەتەمەنەکان زیاتر سوێند بە ئەسحابە و شێخ و کەسایەتی ئاینی و پیاوچاکەکان دەخۆن، ئەمە کەمتر لە نێو نەوەی نوێدا دەبینرێت.
هۆکارەکانی سوێندخواردن زۆرن، هەندێکجار بۆ ئەوەیە کە کەسی قسەکەر هەستدەکات، گوێگر زۆر بڕوای بە قسەکانی نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆر کەس لەسەر سوێندخواردن ڕاهاتون، هەندێکجار بۆ هەڵخەڵەتاندنی کڕیارە، هەندێك کەس لەوانەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەکەن (مەعرەزچی)، یان ئەوانەی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ دەکەن (قەساب)، هەروەها لە دادگا و کاتی دەستبەکاربونی سەرۆکی وڵات و وەزیر و ئەندامانی پەرلەمان و کاتی ئاهەنگی دەرچونی خوێندکاران و ...، بۆ نمونە:

ئەندام پەرلەمان بەم شێوەیە سوێند دەخوات : سوێند دەخۆم بە خودای گەورە، کە خیانەت لە خاك و گەل و نیشتمان نەکەم، ...

خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی بەم شێوەیە سوێند دەخۆن: سوێنددەخۆم بە خوای گەورە، کە خیانەت لە نەخۆشەکانم نەکەم و نهێنییەکانیان بپارێزم، ...
سەبارەت بە هۆکارەکانی سوێندخواردن سێ هۆکار هەن (پێشکەوت مەجید محەمەد، ٢٠١٢: ١٠٥):
١. کەمی متمانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا.

٢. ڕاهاتن و خو پێوەگرتن.
٣. نەهێڵانی گومان لە ڕاستی و دروستی ئەو زانیارییانەی کە دەریدەبڕن، بەمەستی ڕازیکردنی کەسی بەرامبەر.

جیاکردنەوەی شێوازی سوێندخواردنی بەتەمەنەکان و نەوەی نوێ لەیەکتر، بەو واتایە نایەت، کە دەربڕاوەکانی یەکتر بەکارناهێنن، هەندێك لەو سوێندانە هاوبەشە و هەردو چینەکە بەکاریدەهێنن، بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەم شتانەی خوارەوە سوێنددەخۆن:

**ا) سوێندخواردن لای بەتەمەنەکان:**

بەو خوایەی لە ڕەنگی نییە، بە باری تەعالا، بە هەر چوار مەزهەبەکە، بەو قورعانەی مەلا بسمیلای لێکردوە، بە تەڵاقم، بە غیرەتم، بە ناموسم، بە غەوزی گەیلانی، بەو بەرماڵەی سەرم خستوەتە سەری، بە پیری قەرەچێوار، بە غەوزی بەغا، بە شێخی گەیلانی، بە کەعبەی شەریف، بە سەی مدری، بەو نمەکەی لە ماڵتانە، ...

جگە لەم نمونانە، ئەو دەربڕیانەش بەکاردەهێنن، کە گەنجان بەکاریدەهێنن، وەك بە ئەڵا، بەخوا، بە مەولوی پێغەمبەر، ... . بەڵام ئەوەی جیاوازییەکە دروستدەکات، نەوەی نوێن، ئەو دەربڕینانەی کە بەتەمەنەکان بەکاریدەهێنن، ئەمان بەکاریناهێنن، یان زۆر بەکەمی بەکاریدەهێنن.

**ب) سوێندخواردن لای نەوەی نوێ:**

بە ناوی خوا، بە ناوە جوانەکانی خوا، بە تاك و تەنهای خوا، بە قورئان، بە پێغەمبەر، بە ئەسحابە، بە مەولوی پێغەمبەر، بە مەلایکە، بە سەری باوکم، بە قەبری باوکم، بە قەبری دایکم، بە قەبری مردوی هەردوکمان، بە برایەتیمان، ...

**٢-٣) سڵاوکردن:**

سڵاوکردن ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە، پێش ئەوەی ئەرکێکی ئاینی بێت، چونکە لە هەمو کۆمەڵێك ئەم دیاردەیە بەدیدەکرێت، تەنانەت لە حیزب و ڕێکخراوە چەپەکانیشدا لە کاتی یەکتربینین سڵاو لەیەکتر دەکەن. سڵاوکردن بۆ جێخۆشکردن و نیازپاکی و دەستپێکردنی گفتوگۆ و دەربڕینی خۆشەویستی و هەبونی پەیوەندی لە نێوان سڵاوکەر و سڵاولێکراودا... دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کەسێك سڵاو لە کەسێك نەکات، یان کەسەکەی خۆشناوێت و ئەیەوێت پشتگوێبخات، یان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوانیان نییە. سڵاوکردن زۆرجار ڕێزگرتنی تێدایە، لەم بارەیەوە "Spolsky" دەڵێت: (باوترین شێوازەکانی ڕێزگرتن لە سڵاوکردندا کۆبوەتەوە، سڵاوکردن وزەی سەرەکی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەگەر بێتو سڵاو لە کەسێك نەکرێت، کە چاوەڕێدەکات، سڵاوی لێبکرێت، نیشانەیەکی خراپە و واتای وایە، حەزی لە یەك دورکەوتنەوەی هەیە، یان دەیەوێت بێڕێزی و ڕیسواکردنی بەرانبەر بگەیەنێت)(ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید، ٢٠١٢: ٤٨). هەروەها سڵاوکردن و چاك و چۆنی وەکو بابەتەکانی تر هەست بە جیاوازی لە نێوان نەوەی نوێ و بەتەمەنەکاندا دەکرێت، سەرەڕای هۆکاری تەمەن هۆکاری ڕۆشنبیری، ڕەگەزی، ... ڕۆڵیان لەو دەربڕینانەدا هەیە، بۆ نمونە کەسێکی ڕۆشنبیر کەمتر لە کەسێکی نەخوێندەوار سڵاوکردن و چاك و چۆنی درێژدەکاتەوە، واتە خوێندەواری و لایەنی ڕەگەز لە پاڵ جیاوازیی تەمەنیان کاریگەریی لەسەر شێوازی سڵاوکردن و چاك و چۆنییان داناوە، بۆ نمونە:

**ا) سڵاوکردن و چاك و چۆنی لای بەتەمەنەکان:**

سەلاموعەلەیکوم، مەرحباتان لێبێت، خوا قوەتتان بدا، ماندونەبن، خوا بازاڕتاندا (بدات)، خوا خێرت بنوسێ، بەخێرهاتی بان دیەم، سکت/جەرگت نەسوتێ، وەکیل سەلام بە، کوڕت نەمرێ، خوا چاکت بۆ بکا، خوا عافتکا، خوا ڕەحمتان پێبکا، خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێت، یاخوا ڕۆڵە بەخێرهاتی، هەر هەنگاوێکت بە حەجێ بۆ بنوسرێ، بون بە ئەستێرەی سوەیل، ...

**ب) سڵاوکردن و چاك و چۆنی لای نەوەی نوێ:**

ڕۆژباش، چۆنی، باشی، بەیانیتان باش، شەوباش، شەوشاد، هایی، سڵاومان هەیە بۆ ماڵەوە، خۆشبی یاخوا، ئێوە چۆنن؟، کاك فڵان چۆنە؟، تەندروستییت چۆنە؟، زۆر سوپاس، باشین شکور، بیرمان ئەکردن، کاکە دەرکەون، ...

**ئەنجامەکان:**

١- کۆزمانەوانی وەك بوارێکی زمانەوانی تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی گۆڕان و هەمەجۆریی زمان، بەوەش هەمەجۆری ئەنجامی بەکارهێنانی زمانە، کە ئاماژە بۆ کارلێکردنی زمانیی تاکەکان بۆ گۆڕانی پێڕەوی زمان دەکات، بۆیە ئامانجی سەرەکی هەمەجۆریی زمانی چەمکی گۆڕانی زمانییە، ئەمەش ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت، کە گۆڕانی زمان بەپێی تێپەڕبونی کات هەمەجۆری دروستدەکات، بۆیە هەمەجۆریی زمانی بەزۆری جەخت لەسەر جیاوازییەکان دەکاتەوە، کە هەندێکیان گرنگی کۆمەڵایەتیان هەیە.

٢- زۆرجار تەمەن لە دروستکردنی هەمەجۆریی زمانیدا پەیوەستە بە چەند هۆکارێکی تری نازمانییەوە وەك ڕەگەز و شێواز و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە، بەو واتایە تەمەن لەگەڵ هەر یەکێك لەم هۆکارانە پەیوەندییەکی تەواوکەرانەیان لە دروستکردنی هەمەجۆریی زمانیدا هەیە.

٣- تەمەن وەك یەکێك لە هۆکارە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەست بە یاسا کۆمەڵایەتییەکان و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێزگرتنەوە ڕۆڵ و گرنگی خۆی لە کۆمەڵ و بەتایبەت کۆمەڵی کوردی دەبینێت.

٤- تەمەن هاوشێوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی تر کاریگەریی لەسەر گۆڕانی زمانی و هەمەجۆریی زمانی دروستدەکات، بەوەی جیاوازی لە نێوان دەربڕینە زمانییەکان لە بۆنەو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەهێنێتە ئاراوە، وەك تەمەن یەکێکە لەو نیشانە جیاوازانەی کە جیاوازی دەخاتە ئاخاوتنە جیاوازەکانەوە لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی بەتەمەنەکان زیاتر و لە بەرچاوترە وەك لە گەنجەکان و زیاتر دەربڕینەکان لەلایەن بەتەمەنەکانەوە دەگوترێت و دەربڕینەکان زیاتر مۆرکی پیریەتی پێوە دیارە، بەڵام نەوەی نوێش بەدەرنین لە بەکارهێنانی دەربڕین لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا و دەربڕینەکانیان مۆرکی تەمەنەکەیانی پێوە دیارە، لە هەمان کاتدا دەربڕینی هاوبەشیشیان هەیە و مەرج نییە لە هەمو دەربڕینێکدا جیاوازبن.

**سەرچاوەکان:**

ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید (٢٠١٣)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

ئومێد بەرزان برزو و عومەر ئەحمەد عەزیز (٢٠١٩)، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و هەمەجۆری لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی جیهان . سلێمانی، بەرگی (٣) ژمارە (٢)، سلێمانی.

بەهار زایر محەمەد (٢٠٠٩)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان . زانکۆی سەلاحەدین.

بێستون ئەبوبکر عەلی (٢٠١٥)، دەرکەوتەی دو دیوی زمانی لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

پێشکەوت مەجید محەمەد (٢٠١٢)، ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان . زانکۆی سلێمانی.

ڕێژنە مەعروف حوسێن (٢٠١٠)، ڕۆڵی شیوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلادین.

شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١)، تابو وەك نمونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

شیلان عوسمان عەبدولرەحمان (٢٠٠٩)، کارابونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

عبدە ئەلراجحی (٢٠١٣)، زمان و زانستەکانی کۆمەڵگە، و/ عەبدوڵلا گەرمیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦)، شێوازی دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

جرهارد هلبش (٢٠٠٧)، تطور علم اللغة، ت/ أ.د. سعيد حسن بحيري، مكتبة زهراء الشرق، الطبعة الاولى، القاهرة.

زيدان علي جاسم (١٩٩٣)، دراسة في علم اللغة الاجتماعي، الطبعة الاولى، بوستاك أنتارا . ماليزيا.

Ángeles Vicente (2018), Patterns of variation and change in the Arab World, The Routledge Handbook of Arabic Linguistics, First published, Routledge.

Bowie, D. (2011), Aging and sociolinguistic variation, Germany: Walter de Gruyter GmbH & Co.

Carmen Llamas (2011), sociolinguistics, The Routledge Handbook of Applied Linguistics, First edition, simultaneously published in the USA and Canada by Routledge.

Dlveen Abdullah Sadiq and Salam N. H. Hakeem (2020), Gender Differences in the Speech Events of Kurdistan Parliament, Journal of University of Raparin, http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1.

Elena Semino (2011), stylistics, The Routledge Handbook of Applied Linguistics, First edition, simultaneously published in the USA and Canada by Routledge.

Florian coulmas (2003), sociolinguistics, The handbook of Linguistics, Blackwell publishing Ltd, UK.

Helen Hamid (2017), Style shifting and speech variation, University of al-Al-Qadissiya, College of Education, Department of English.

https://www.powershow.com/viewht/54497c-ZWJkZ/Sociolinguistics_Language_Variaty.

Jack C. Richards and Richard Schmidt (2010), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Fourth edition, Longman.

Jenny Cheshire (2014), Age and Generation-specific use of language, Queen Mary, University of London. (https://www.researchgate. net/publication/251784426)

Jenny Cheshire (1984), The relationship between language and sex in English, Applied Sociolinguistics, Academic Press Inc. (London) LTD.

Juan Manuel Hernández (2015), Research methods in Sociolinguistics, Published online: https://benjamins.com/catalog/aila.27.01her.

J.K. Chambers (2013), Studying Language Variation an Informal Epistemology, The Handbook of Language Variation and Change, second edition, Blackwell Publishing Ltd.

Kirk Hazen (2010), Sociolinguistics in the United States of America, The Routledge Handbook of Sociolinguistics around the World, First published, Routledge.

Martin J. Ball (2010), The Routledge Handbook of Sociolinguistics around the World, First published, Routledge.

Maya Ravindranath and Suzanne Evans Wagner (2016), Sociolinguistics: Language in social environments, The Routledge Handbook of Linguistics, First published, Routledge.

Miriam Meyerhoff (2006), Introducing Sociolinguistics, First published, Routledge.

Miriam Meyerhof, Chie Adachi, Golnaz Nanbakhsh and Anna Strycharz (2012), Sociolinguistic Fieldwork, The Oxford Handbook of Linguistic Fieldwork, First published, United States.

Naima Ammour (2012), A sociolinguistic Investigation of Language variation in the speech community of Nedroma, master degree, University of Tlemcen.

Nor Hidayati Abdullah (2018), Language Variation According to Age: Football Talk, Universiti Teknologi MARA. (Https: //www.researchgate.net/publication/325123844).

Penelope Eckert (1998), Age as a Sociolinguistic Variable, The Handbook of Sociolinguistics, Blackwell Publishing.

Robin Shura and Rachel Bryant (2013), Aging and the Life Course, Handbook of sociology and human rights, United States.

Ronald Wardhaugh and Janet M. Fuller (2015), An introduction to sociolinguistics, Seventh edition, Blackwell Publishing Ltd.

Sapir, E. (1921), Language: An introduction to the study of speech*,* New York: Harcourt, Brace, and Co.

Tagliamonte, Sali.A (2006), Analyzing Sociolinguistic Variation, Cambridge University Press, Cambridge

Vera Regan (2013), Variation, The Cambridge Handbook of Second Language Acquisition, First published, Cambridge University Press.

## پەراوێزەکان:

١) مەبەست لە هەمەجۆریی جوگرافی یان هەرێمی هەمەجۆریی ئاخاوتنە بەپێی ڕوبەرێکی دیاریکراو، کە ئاخێوەرانی تێدایە، ڕەنگە هەمەجۆریش ڕوبدات، کە پەیوەندیی بە درکاندن و زاراوە و ڕستەوە هەبێت، بۆ نمونە باشوری ڕۆژئاوای ئینگلترا و ڕۆژئاوای ناوەندی ئەمریکا، زۆر لە ئاخێوەران دەنگی /r/ لە وشەکانی وەك (her, four, part) بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا ئاخێوەرانی هەندێك لە شوێنەکانی تری وەك هەرێمی لەندەن و ئینگلترای نوێ بەکاریناهێنن **(Jack C. Richards and Richard Schmidt, 2010: 492)**

٢) بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی یاسا کۆمەڵایەتییەکانەوە، بڕوانە: (بەهار زایر محمد، ٢٠٠٩: ٦٩-٧٦).